# ئەسڵە بنەڕەتییەکانی خوێندن و پەروەردەی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە کوردستاندا

**ئیبراهیم ساڵح ڕاد**

کولتووری ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازانە بووەتە سیمای هەرە ئاشکرای ئینسانی کورد. لە لایەکی دیکەشەوە ژیان و ململانێ و بەرخۆدان و بەربەرەکانێ دەگەڵ داگیرکەران و پەلاماردەرانی کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلی کوردی دەگەڵ زۆر لایەنی فەرهەنگی ئەوان ئاشناکردووە. ئەو پەیوەندییە نابێ ببێتە مایەی خۆبەکەمزانی و خۆبەکەمگریی ئینسانی کورد. ڕاست بە پێچەوانەوە، پێویستە کولتورو فەرهەنگ و سیاسەتی ئێمە وەک نەتەوە بەهێزتر بکات، بە جۆرێک کە باشتر لە کڵ بێینە دەر وهەستی نەتەوایەتیمان تۆختر و بەهێزتر بکات.

## سەرەتا

لـەو وتارەدا، بەکەڵک وەرگرتن لە ئەزمونی کار و خوێندنـەوەی خۆم و هەروەها لەبەر رووناکاییـی پرۆگرامەکانـی پـەروەردە و فێربوون لـە نۆروێژدا، هـەوڵ دەدەم ئەو هێڵە گشـتییانەی کە دەکرێ وەک ئەسڵە بنەرەتییەکانـی پـەروەردە و فێرکردن لە کوردسـتاندا، هەموو پرۆگرامەکانی دیکەی پـەروەردە و خوێندن و فێربونیان لەسـەر بنیات بنرێ، پێشنیار دەکەم.

وتارەکە لە سـێ بەشی سەرەکی پێک دێت. لە پێشەکیی باسەکەدا هەوڵ دەدەم بایەخی ئەو ئەسڵە گشتییانە، وەک بەردی بناخەی پەروەردە و فێرکردنی نیشـتیمانی روون کەمەوە. دوایە زۆر بەکورتی پرەنسیپ و بایەخـە بنەرەتییەکانـی پـەروەردە و خوێندن و فێربوون، دەخەمە بەرباس.

**بەشـی یەکـەم:** ئـەو بایـەخ و نرخە بنەرەتییانەی کە پێویسـتە پـەروەردەی ئێمەیان لەسەر بنیات بنرێ.

**بەشی دووهەم:** پرەنسیپە گشتییەکانی پـەروەردە و فێربـوون و گەشەسـەندن و پێگەیشتن.

**بەشی سێهەم:** ئەسـڵە بنەرەتییەکانی کار و پراکسیسـی قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

## پێشەکی گرینگیـی ئـەو ئەسـڵە گشـتییانە لەچیدایە؟

ئەو سـێ ئەسڵە گشتییانە بە سەر یەکەوە، بە کۆڵەکەی هەموو بەرنامە و پرۆگرامەکانی پـەروەردە و فێرکردن بە حیسـاب دێن. هەموو منداڵان و لاوان و خوێندکاران، کە بە قۆناخەکانی پێش سەرەتایی و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیـی و لقەکانی دیکەی خوێندنی پیشـەییدا تێدەپەڕن، پێویسـتە لەبەر ڕووناکاییی ئەو سێ ئەسڵە بنەڕەتییەدا، پەروەردە بکرێن و باربهێنرێن. ئەو ئەسڵانە، ئەو بایـەخ و نۆرم و نرخانە لە بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردەدا بەرجەسـتە دەکەن، کە وەک ئەسـتێرەی ڕێنیشاندەر، نەتەوەی کورد وکۆمەڵگای کوردسـتان بۆ پێشـەوە ئاراسـتە دەکەن. ئـەو ئەسـڵانە، هەموو پرۆسـەی پەروەردە و فێربوون، دەگرنەوە. بۆیە هەموو ئەوانەی لەو پرۆسـەیەدا ئەرک و بەرپرسـایەتییان لەسەر شانە، پێویستیە پەیڕەوییان لێ بکەن و تێکۆشـن لەکاری رۆژانەی خۆیاندا دەکاریان بکەن.

پەروەردە و فێربوون لە کوردستاندا، بە هاوکاریی ماڵ و کۆمەڵگا، پێویستە دەرگای دونیای ئەمڕۆ و سـبەی بـەرووی قوتابیدا بکاتـەوە. خوێنـدکار لەگـەڵ کولتوور و فەرهەنگی نیشتیمانی و نەتەوەیی و جیهانی ئاشنا بکا و توانایی و لێوەشاوەییەکانی، لە ڕێگای وەدەستهێنانی شارەزاییە تەکنیکی و زانستییە جۆراوجۆرەکانەوە بەرێتە پێش، تا بتوانێ لە کۆمەڵگادا، وەک کەسایەتییەکی کارا و دێموکـرات کار بکا و هەڵسـوڕێ، ماڵیات بدا و ئەرکی خـۆی بەرێوەبەرێ و ئازایانـەش بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خۆی و گەل و خەڵکانی دیکە بکات.

پـەروەردە و فێربوونی ئێمە پێویسـتە لەسـەر بناخەی ئـەو نرخـە جەوهەرییە کوردستانی و ئینسانییانە، ئەو داب و نەریتە ڕەسەنە کوردستانی و ناوچەیی و جیهانییانە، کە لەگەڵ سـتاندارەدە نێونەتەوەییەکانی مافـی مـرۆڤ دێنـەوە، بڕواتـە پێـش. دێموکراسی. برایەتی، ئاشـتی، تۆلێرانس، عەداڵەت و عەداڵەتخوازی، یەکسانیی نێوان ژن و پیـاو، ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ و ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی ئینسان، بەشێکی بەرچاوی ئەو بایەخە ئەساسییانەن.

ئینسـانی کورد پێویسـتە هەموو ئەو شـارەزاییانە فێربێت کە بـۆ ژیان و کار لـە کۆمەڵگایەکی هاوچـەرخ و مۆدێڕندا،

پێویستی پێیەتی. ئەوە ئەرکی پەروەردەیە ئــەو ئامانجە وەدی بێنێ. لــە پێناوی ئەو مەبەســتەدا ئــەو پرەنســیپە بنەڕەتییانە پێشــنیار دەکەیــن کە دەبێ سیســتەمی پــەروەردە و فێرکردنــی نیشــتیمانی لە کوردستاندا، لەسەریان بنیات بنرێ.

## ئەوبایــەخ و نرخــە بنەڕەتییانەی کە پێویســتە پەروەردەی ئێمەیان لەسەر بنیات بنرێ

١ لێرەدا ئــەو نرخ و بایەخانــە دەخەینە بەربــاس کــە کۆمەڵــگای کوردســتان و مێنتاڵیتــەی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ڕۆحیی ئینسانی کورد و نەتەوەی کوردیان لەســەر دادەمەزرێ. ئەو نرخانە بە بەردی بناخەی کۆمەڵگای مۆدێرن و دێموکراسی لە کۆردســتاندا دادەنرێــن و یارمەتیمان دەدەن کــە پێکەوە بژیــن و کاربکەین و بڕۆینە پێش.

٢ ئەونرخانــە وەک نەتەوەیەکــی ســەربەخۆ لــە فۆرممــان دەدەن و بــە هەمــوو جیاوازییەکانمانــەوە، دەگەڵ یەک ئاوێتەمــان دەکەن. ئــەو نرخانە لەو داب و نەریت و ڕێوشــوێن و بایەخانــەدا خۆیان نیشــان دەدەن کــە لەو دیــن و مەزهەب و ڕوانگــە سیاســی و فەلســەفییانەوە ســەرچاوەدەگرن، کە لە کوردستاندا هەن و لەگــەڵ نۆرمە گشــتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانــدا دێنەوە. پەروەردە ئەو بایەخانە زەق دەکاتەوە و دەیانکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە کەســایەتیی ئینسانی کورد. قوتابخانە و مامۆســتایان تێدەکۆشــن ئەو نرخانە بکەنە چرای ڕێنیشــاندەری هەموو کار و بەرنامەکانیــان لەکاتــی فێرکردن و پەروەردەکردنــی منداڵەکان و لاوەکاندا. لە پرۆســەی پەروەردە و فێربوونــدا قازانج و بەرژەوەندییەکانی قوتابــی دەخرێنە پێش هەر شــتێکی دیکەوە. مامۆستا بە تایبەتی و سیســتەمی پەروەردە، پێویستە ئامێز بۆ هەمــوو کەس لــە کوردســتاندا بکاتەوە و مەیدانی هەڵدان و گەشەی بۆ دروست کات.

## بایەخ و کەرامەتی ئینسان

سیستەمی پەروەردە پێویستە تێکۆشێ کە ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و بەهێزکردنی ئــەو بایەخانەی پەیوەندیــان بەوەوە هەیە، بکاتە ئامانجی سەرەکیی پەروەردە وفێرکردن و پرۆگرامەکانی خوێندن وڕاهێنان. عیززەت و کەرامەتی مرۆڤ، بەرز و پیرۆزڕادەگیرێ و لــە هیچ هەلومەرجێکــدا، نابێ هێرش و پەلاماری بکرێتەسەر. سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانــەی نێوانمان، مرۆڤەکان بایەخی وەک یەکیان هەیە. کاتێک مامۆستا لە کاری ڕۆژانەیدا ڕێــز و حورمەت بۆ قوتابییەکەی دادەنێ، ئەوە بەکردەوە کەرامەتی ئینسانیی خوێندکارەکەی بەرز دەنرخێنێ و لەهەمان کاتدا لەنێو پۆل و قوتابخانەشدا، لەنێوکۆڕی گشــتیی هاوپۆلەکانــی قوتابییەکەشــدا، پلەوپایەی ئینســانیی قوتابی بەرزدەکاتەوە و ئەوانیــش فێردەبن دەگــەڵ یەکتر ئاوا ڕەفتــار بکەن. بەوجۆرە ئەو هەڵســوکەوتە دەگوێزرێتــەوە بۆ نێــو کۆمەڵگاش و ماف و ئازادییەکانی مــرۆڤ لە نێو خەڵکدا و لە پەیوەندیی نێوان ئینســانەکاندا، بەرجەستە دەبنەوە.

مافەکانــی مــرۆڤ لــە عیــززەت و کەرامەتی مرۆڤەوە ســەرچاوەدەگرن و بە بەردی بناخەی دەوڵەتی قانوون دادەنرێن. ئــەو مافانە بریتین لەو نۆرم و ســتاندارده جیهانییانەی کە لە ئاســتی نێونەتەوەییدا پەسندکراون وهەموو مرۆڤەکان، بە هەموو جیاوازییەکانــی نێوانیانــەوە، لە هەر کوێی ئەو ســەرزەوییە بن و لە هــەر جێیەکەوە هاتبن، دەگرنەوە. لەو نێوەدا کۆنڤانســیۆنی مافەکانــی منداڵ، کە لە پەیوەندی دەگەڵ منداڵان و مێرمنداڵان و لاواندا، بە بەشێکی

گرینگی میکانیزمە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دادەنرێت، شوێنێکی تایبەتی هەیە و سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە کوردستان، لەسەریەتی، لە کاری خۆیدا، قورساییەکی زۆرتری بخاتە سەر. پەروەردە و فێرکردن بە گشتی پێویستە لەهەموو ئاستەکانیدا. لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا هاوئاهەنگ بکرێ. جیا لەوەش لەهەموو قۆناخەکانی خوێندن و پەروەردەدا، قوتابی پێویستە زانیاریی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ وەدەست بێنێ. بەومانایە کە دەبێ خوێندنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، لە خشتەی ڕۆژانە و هەفتانەی دەرسەکانی قوتابخانەدا، جێگای تایبەتی و گرینگیی خۆیان بۆ بکرێتەوە. لەو ڕێگایەوەیە کە ئەو نۆرمانە، کە بنچینەی ئاشتی و برایەتی و عەدالەتن، جێگای خۆیان دەکەنەوە و دەبن بە بەشێک لە کەسایەتیی ئینسانی کورد وتایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردستان.

یەکسانی و هاوبایەخی لە نێوان ئینسانەکاندا، لەو بایەخە ئینسانییانەن، کە مرۆڤ لە سەرتاسەری مێژووی خۆیدا، لە پێناوی جێگیرکردنیاندا خەباتی کردوە. بەوحاڵەش هێشتاش پێویستە پەروەردە بەگشتی و ناوەندەکانی خوێندن بەتایبەتی، کاری زۆرتریان لەسەر بکەن تا باشترجێگیربن. مامۆستا، قوتابخانە و پەروەردە، پێویستە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروارانە، بێ هیچ چەشنە جیاوازی دانانێک، هەڵسوکەت و ڕەفتار دەگەڵ هەریەکێک لە قوتابییەکاندا بکات. جیا لەوە قوتابییان دەبێ دەرفەت و شانسی وەک یەکیشیان بدرێتێ، تا بتوانن، بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار بدەن و هەڵبژێرن. قوتابخانە و پەروەردە بەگشتی، پێویستە ڕێز لە جیاوازییەکانی نێوان قوتابییەکان بگرن. ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی نێوان منداڵەکان، ئەو جۆراوجۆرییەی لە نێو قوتابییان و خوێندکاراندا هەیە، دەبێ بە هێند بگیرێ و بە ڕەسمیش بناسرێ. پەروەردە لە سایەی ئەو ڕەنگاورەنگیەدا، بە مایەی دەوڵەمەندی بزانێ و وەک کەرەسەیەکی بەنرخ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بەکاری بێنێ و ئیلهام و هێزی لێ وەرگرێ. قوتابخانە دەبێ ئەو دەرفەتە، ئەو فەزایە بۆ هەموو قوتابییەکان دروست بکات، کە هەست بە بوونی خۆیان و پەیوەندیی توندی خۆیان دەگەڵ پۆل و قوتابخانە و کۆمەڵگای دەوروبەیان بکەن. واتە خۆیان لەو چواچێوەیەدا بدۆزنەوە. هەموومان پێویستە بە ئێسک و پێستەوە لەوە حاڵی بین کە هەر لەوکاتەدا کە جیاوازیمان لە نێواندا هەیە، هاوبایەخین و لەسەرمانە بە ڕێز و حورمەتەوە ڕەفتاردەگەڵیەکتر بکەین. بۆیە زۆرگرینگە پەروەردە بایەخ بە جیاوازییەکانی نێوان قوتابییان بدات، بە هێندیان بگرێ و بیانبینێ و بەرەسمیان بناسێ. سەرەڕای ئەوەش قوتابخانە پێویستە ئەوەمان فێرکات کە بەو هەموو جیاوازییانەشمانەوە، ئێمە ئینسانەکان بەهەزار و یەک داوی دیتراو و نەدیتراوە وە، پێکەوە بەستراوینەتەوە.

مرۆڤەکان ناسکن و توشی هەڵەش دەبن. بۆیە لێبوردن، هاوپەیوەندی نیشاندان دەگەڵ یەکتر، هاوکاری و چاکە دەگەڵ یەک، چاوپۆشی لەهەڵەی یەکتر، خۆشەویستی بۆ یەکتر، پشتیوانی لە یەکتر، لەو شتە پێویستانەن کە ئینسانەکان لە پرۆسەی گەشەسەندن و پەروەردەبونی خۆیاندا پێویستە تاقییان بکەنەوە و لەگەڵیان ڕابێن، بە جۆرێک کە ببنە عادەتی ژیانی ڕۆژانەمان.

ئازادیی عەقیدە و ویژدان و ئازادیی بەیان، لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤن. پەروەردە لەسەریەتی ئەو نۆرمانە بەرجەستەبکات، ڕۆح و گیانیان وەبەربنێ. بەجۆرێک کە

هەموو بتوانن بە ئازادی بیربکەنەوە و بە ئازادیش عەقیدە و بیروباوڕی خۆیان دەربڕن. قوتابییان دەبێ لەسەرتاسەری پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا، فێربن کە چۆن ڕێز و حورمەت لە کەرامەت و عیززەتی مرۆڤ دەگرن. لەوەش زیاتردەبێ ئەوەش فێر بن کە ئەوان خۆیان چۆن دەتوانن ئەو ڕێز وحورمەتە پەرەپێ بدەن.

## شوناس و ناسنامە، هەمەچەشنیی فەرهەنگی و فرە کولتووری

سیستەمی پەروەردە بەگشتی و قوتابخانە بە تایبەتی، پێویستە زانیاری لەسەر چۆنیەتیی پەرەسەندنی مێژوویی و کولتووریی مرۆڤ بداتە قوتابی، بەجۆرێک کە هەر قوتابییەک و هەر تاکێکی کۆمەڵ بتوانێ شوناس و ناسنامەی خۆی ئازادانە گەشە پێ بدا و لە چوارچێوەی کولتوور و فەرهەنگی گشتیدا، شوێنی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە کە قوتابخانە و کۆمەڵگا بەگشتی فەرهەنگێکی کراوەیان هەبێت و توانای ئەوەیان تێدا بێت کە باوەش بۆ هەموو قوتابییان و هەموو ئینسانەکان بکەنەوە و کەس هەڵنەوێرن و جیاوازی بەکەس نەکەن.

بۆ ئەوەی قوتابی و تاکی کورد بتوانێ ناسنامە و شوناسی سەربەخۆی خۆی پەیدا بکات، پێویستە پەروەردە و قوتابخانە دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێنن کە شارەزایی لەسەر مێژوو وکولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی پەیدا بکات. تەنیا لەو ڕێگایەوەیە کە ئینسانی کورد پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ دەگەڵ نەتەوەی خۆی و نیشتمانی پەیدا دەکا و هەستی کوردستانی بوون لە ناخیدا ڕەگ دادەکوتێ وغرووری میللی و نیشتیمانیی لەلا دروست دەبێت.

لەو ڕێگایەوە قوتابییان دەگەڵ ئەو بایەخانە، دەگەڵ ئەو دابونەریت و نرخە کولتووری و مێژووییانە ،کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و زیندوو، کە لەسەر نیشتیمانی هەزاران ساڵەی خۆی دەژی و بەشێک لە مرۆڤایەتیی گەورەتر پێناسەدەکەن، ئاشنادەبن. لەونێوەدا فەرهەنگ و کولتووری کوردی، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو زاراوە و بنزاراوەکانەوە، ئەو بایەخە ئایینی و مەزهەبییە جۆراوجۆرانەی خەڵکی کوردستان پەیڕەوییان لێ دەکەن، ڕووداوە مێژووییەکان و بەسەرهات و سەربردەکانی نەوەکانی ڕابردوومان، تێکەڵ لەگەڵ بایەخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی و گەلانی دیکە بەگشتی و بەتایبەتی فەرهەنگی دێموکراسی، دەتوانن ببنە دەسمایەی گەورە بۆ قوتابخانە و سیستەمی پەروەردەی ئێمە تا لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵگرن. فەرهەنگ و کولتوور و زمان و ئەدەب و داب و نەریتی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و زمانییەکانی خەڵکی کوردستان، بەشێکی گرینگ و هەرگیز جیانەکراوەی کولتوور و فەرهەنگی کوردستانین و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، دەبێ بایەخیان پێ بدا، بیانباتە پێش و کاریان لەسەربکا و بە هێندیان بگرێ و دەرفەتی گەشە و هەڵدانیان بۆ بخولقێنێ. بەو شێوەیە فەرهەنگ و کولتووری هاوبەشی کوردستانی دروست دەبێ و دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

ئەو کولتوور و فەرهەنگە هاوبەشە کوردستانییە زۆر گرینگە تا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد خۆیان بناسنەوە و هەستی هاوفەرهەنگی و هاوچارەنووسی وهاوپەیوەندییان لەنێواندا دروست و بە هێزبێ. ئەمەش بە نۆرەی خۆی ناسنامەی تاکی کوردستانی، کە لە چوارچێوەی فەرهەنگ و کولتووری

کۆمەڵگای کوردستاندا دروست بووە و لە ڕەوتێکی مێژوویی درێژخایەندا فۆرمی گرتووە، بەهێزدەکات. ئەو چوارچێوە برینە هاوبەشە کولتورییە، جێگای کولتوور و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی تێدا دەبێتەوە و مەیدانێکی بەرین بۆ گەشەی هەمووان لە چوارچێوەی خۆیدا دەکاتەوە. بەو جۆرە ئینسجامی میللی و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستاندا دروست دەبێت. لە قوتابخانە و ناوەندەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکردندا، منداڵان، لاوان، خوێندکاران، فێردەکرێن کە گوێ لە سەرنج و بیرورا و هەڵوێستی جیاوازی یەکتر بگرن و بە سنگفراوانییەوە تۆلێرانس لە خۆیان نیشان دەن و لەو شوێنەش کە پێویستە، ڕەخنە بگرن و پێرسپێکتیڤی خۆیان و ڕوانگەکانی تایبەت بە خۆیان بەیان بکەن و بۆ بردنەپێشیان بە شێوەیەکی ئوسولی و دێموکراتیک لە ئیمکانات و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی بەشداری و شوێندانان کەڵک وەرگرن. کۆمەڵگایەکی فرەفەرهەنگی، فرەکولتوری، فرە نرخ و فرەچەشن، دەرفەت بۆ دروست بوونی شوناس و ناسنامەیەکی بەهێزی کوردستانی پێک دێنێ.

قوتابخانە و پەروەردە لەسەریانە توانا و لێوەشاوەییەکانی قوتابی بۆ بەکارهێنانی زمان، بە هەموو شێوەکانیەوە، بە هێز و پەرە پێ بدەن. گەشەپێدانی شوناسی زمانی لەلای قوتابی، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی قوتابخانەیە لە کوردستان. مەبەست ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا پێویستە هێندە سەرمایەگوزاری لەسەر خوێندن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکات، کە قوتابی بتوانێ بە ئاسانی و بە دڵنیاییەوە زمان بۆ بیرکردنەوە، بۆ فێربوونی زیاتر، بۆ کۆمیونیکاسیۆن(پەیوەندیگرتن)، بۆ دروست کردنی ڕایەڵەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، بۆ داهێنان و گەران بەدوای مانا و جوانی و زانیاریدا، بەکاربێنێ. زمان ناسنامە و ئاگاهیی کولتووری و فەرهەنگیمان دەداتێ. لە کوردستان، زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە و زمانی کەمایەتییەکانی دیکەی خەڵکی کوردستانیش وەک یەک و بێ جیاوازی، لە قوتابخانەکانماندا و لە لایەن سیستەمی پەروەردە وە، سەرمایەگوزارییان لەسەردەکرێ. قوتابی و تاکی کورد پێویستە زانیاری سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی و زمان و ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی دانیشتووی کوردستان هەبێ، تا بتوانێ لە و دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ کە لە کۆمەڵگای فرەفەرهەنگی کوردستاندا لە ئارادان. تا بتوانێ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەو دابونەریتە جۆراوجۆرانە تین و هێز بۆ ژیان و چوونەپێش وەرگرێ کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەرچاودەکەون و بە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی کولتووری کوردی بە حیساب دێن. هەموو قوتابییان لە کوردستان و هەموو تاکێکی کورد پێویستە وێرای زمانی دایکی، چەند زمانی دیکەی ناوچەیی و جیهانیش بزانن و لە کار و ژیانی ڕۆژانەدا کەڵکیان لێ وەرگرن تا بتوانن بازار و فەرهەنگی کوردستان بە بازار و فەرهەنگی ناوچەکانی دوور و نزیکی کوردستانەوە ببەستنەوە و هەڵدانی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەستەبەربکەن.

کوردستان بە درێژایی مێژوو، بە گوێرەی هەڵکەوتە جوگرافیاکەی خۆی، هەمیشە کەوتۆتە بەر کاریگەریی سیاسەت و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە و گەلانی دیکەی ناوچەکە. بە تایبەتی دوای دابەشبوون و سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی کوردستان، ئەو دیاردەیە زەقتر خۆی نیشان داوە. ئەوە بۆسەدان ساڵ دەچێ، هەوڵدان بۆ سەرکوت وسڕینەوەی

ناسنامەی کوردستانی، سیاسەتی ڕەسمیی ئەو حکومەتانەیە کە کوردستانیان لە نێوان خۆیان دا دابەش کردووە. لەو پەیوەندییەدا تەنانەت بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆیان ڕەفتاری ئیستعماری و تەنانەت فاشیستیشیان لەخۆیان نیشان داوە. هیچ گومانی تێدا نییە کە ناسنامەی کوردستانی و شوناسی نەتەوایەتیی ئێمە لەو ململانێ و خەبات و بەربەرەکانێ و بەرخۆدان و ڕاپەڕینانەدا، شکڵی گرتووە، خەمڵیوە و پوختەتر بووە. ئەو بەربەرەکانێیە گەلی کورد و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانی لە مەیدانی خەبات بۆ ئازادی و مافە ئینسانییەکانی خۆیاندا، قاڵ کردوونەتەوە. ئەو مێژووە دوور و درێژە کە پڕیەتی لە حەماسە و بەربەرەکانێ، خسڵەتێکی تایبەتی بە ڕۆڵەکانی کوردستان بەخشیوە. کولتووری ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازانە بووەتە سیمای هەرە ئاشکرای ئینسانی کورد. لە لایەکی دیکەشەوە ژیان و ململانێ و بەرخۆدان و بەربەرەکانێ دەگەڵ داگیرکەران و پەلاماردەرانی کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلی کوردی دەگەڵ زۆر لایەنی فەرهەنگی ئەوان ئاشناکردووە. ئەو پەیوەندییە نابێ ببێتە مایەی خۆبەکەمزانی و خۆبەکەمگریی ئینسانی کورد. ڕاست بە پێچەوانەوە، پێویستە کولتورو فەرهەنگ و سیاسەتی ئێمە وەک نەتەوە بەهێزتر بکات، بە جۆرێک کە باشتر لە کڵ بێینە دەر وهەستی نەتەوایەتیمان تۆختر و بەهێزتر بکات.

لە دونیای هاوچەرخ و گلۆباڵدا، شارەزایی لەسەر کولتوور و زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتە جۆراوجۆرەکانی گەلانی دیکە، بۆخۆی بە چەشنێک لە زانست و لێوەشاوەیی، بەحیساب دێت. بۆیە پەروەردەی ئێمە لە کوردستان هەرلەوکاتەدا، کە سەرمایەگوزارییەکی زۆر لەسەر پەرەپێدانی ناسنامەی کوردستانیی ئینسانی کورد دەکا، پشتیوانیی ئەوەش لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکا تا کۆدە فەرهەنگی و کولتورییەکانی گەلان ومیللەتانی دیکە فێربن و بۆ بردنەپێشی خۆیان و قازانج و بەرژەوەندییەکانی کوردستان، بەکاریان بێنن. ئەوە هەر لەوکاتەدا کە شوناسی مرۆڤی کورد بەهێز دەکا و شوێن پێی لە نێو گەلانی دیکە قایم دەکا، دەرگای دونیای ئەمڕۆ و سبەینێشی بە ڕوودا دەکاتەوە.

## بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئازایەتی و ئاگاهیی ئەخلاقی

سیستەمی پەروەردە بە گشتی و قوتابخانە بە تایبەتی پێویستە پرسیار لە لای قوتابی دروست بکا، عیشق و توانای گەڕان و لێکۆڵینەوەی تێدا بخولقێنێ، هانی بدا و فێری بکات کە بە دوای لێکۆڵینەوەی زانستیدا بگەڕێ و بە شێوەیەکی زانستی بیربکاتەوە و بەگوێرەی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان ڕەفتاربکات.

قوتابخانە لەسەریەتی قوتابی بە جۆرێک باربێنێ کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و زانستی بیربکاتەوە. مەبەست ئەوەیە کە قوتابی فێربێت ئەقڵ و میتۆدی تەحقیقات و لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەخنەگرانە، بۆڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ دیاردە سروشتی و کۆمەڵاتی و فەرهەنگییەکان دەکار بکا. لەو پەیوەندییەدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو میتۆدانەی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوەی حەقیقەت و دیاردە جۆراوجۆرەکان بەکاریان دێنین، کاریگەرییان لەسەر ئەو ئاکامانە هەیە کە لەو پەیوەندییەدا وەدەستمان دەکەون. بۆیە هەمیشە دەبێ لەکاتی لێکۆڵینەوەکانماندا، میتۆدێک یا ئەو میتۆدانە هەڵبژێرین کە دەگەڵ لێکۆڵینەوەکانمان دێنەوە.

بـۆ ئـەوەی بـە زانیاریـی تـازە و حەقیقەتی نوێتر بگەین، پێویستە زانیارییە جێکەوتـووەکان بخەینە بـەر زەرڕەبینی لێکۆڵینەوەی زانستی و بە تیئوری و میتۆدی زانسـتی و ڕەخنەگرانە هەڵیانسـەنگێنین و بە بەڵگـەی ڕوون و حاشـاهەڵنەگرەوە بیانخەینە ژێر پرسـیار. خوێندکاران دەبێ فێر بن بۆ وەدەستهێنانی زانست و زانیاری، بە دوای سـەرچاوەی جۆراوجۆردا بگەڕێن و بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە بیربکەنەوە و لە سـەرچاوەکان کەڵک وەرگرن. قوتابی پێویسـتە میتۆدەکانی گەیشتن بە زانیاری و زانست فێربێ. هەر لەوکاتەدا قوتابخانە و سیسـتەمی پەروەردە پێویستە قوتابییان وا ڕابێنـێ کە لەوەش حاڵی بن کە هیچ دوور نیـە ڕوانگە و هەڵوێسـت و ئەزموونەکانی ئـەوان کەموکوڕیان تێدا بـێ و هەڵە بن. لێکۆڵینـەوە و وردبونـەوەی ڕەخنەگرانـە پێویسـتی بە زانست و زانیاریی تایبەت بە خۆیەتـی. بەڵام دەبێ ئـەوەش بزانین کە لێکۆڵینـەوەی ڕەخنەگرانـە، فەزایەکی پڕ لە دردۆنگی و شـک و گومانیش دروست دەکات. بۆیە پەروەردە و قوتابخانە لەسەریانە باڵانسـێک لە نێوان ڕێزگرتن لە حەقیقەتە جێکەوتـووەکان لـە لایـەک و ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و هەسـتی گـەڕان بە دوای زانیاریـی تازە و پێویسـتیی لێکۆڵینەوەی زانسـتییانە لەلایەکی دیکەوە، پێک بێنێ. ئەو خەڵلاقییەتە بۆ دۆزینەوەی زانسـتی و پەرەسەندنی زانستی پێویستە.

هوشـیاری و ئازایەتیـی ئەخلاقـی ئەوەیـە کە لە پەیوەندی دەگەڵ مەسـەلە جۆراوجۆرەکانـدا، هەمـوو لایەنەکانـی کێشەیەک و هەموو ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیـدار بەو مەسـەلەیە لـە بەرانبەر یەکدا دانێی و دوای باس و هەڵسەنگاندن، بەتێبینیـەوە ڕەفتار بکەیت و ئینسـانێکی بەرپـرس بـی و بەرپرسـایەتیی کار و کردەوەکانـی خۆت وەئەسـتۆ بگری. بۆیە سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە کوردستان پێویسـتە قوتابـی فێـری لێکدانـەوە و هەلسەنگاندنی ئەخلاقی بکات و ئەزموونی ئەوان لە مەڕ کێشـە و مەسەلە ئەخلاقییە جۆراجـۆرەکان دەوڵەمەند بـکات. بۆ ئەو مەبەسـتە، شـارەزاکردنی قوتابی دەگەڵ ڕوانگـە فەلسـەفی و ئایینـی و قوتابخانە فکرییە جۆراوجۆرەکان، تـا ڕادەیەکی زۆر کۆمەگ بە قوتابـی دەکات. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، مەرجی سـەرەکیی فێربوون و چونەپێـش و هەڵدانـی کەسـایەتیی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی و کولتووریی ئێمەیە. لـەو ڕێگایەوەیە کە قوتابی پوختە دەبێ و دەتوانێ قەزاوەتی سـەربەخۆبکات. ئـەوەش بۆ ژیـان و کار لەنێـو کۆمەڵگادا پێویسـتن. کارکردن لە کارگە و کارخانە و ناوەندە سەنعەتی و پێشەسازییەکاندا و ژیان لە نێو بنەماڵە و دۆسـت و هاوالاندا، بەبێ لێوەشاوەیی زانستی و ئازایەتیی ئەخلاقی و توانای قەزاوەتی سەربەخۆ و عادلانە، زۆر سەخت و دژوار دەبێ.

**عیشـق وعەلاقـە بە گـەڕان بەدوای جوانـی و مانـا و داهێنانـدا، کار و زەحمەتـی بێ وچان بۆ گەیشـتن بە ئامانج**

پەروەردە لە کوردسـتاندا، لەسەریەتی ئەو دەرفەتە بـۆ منـدالان، لاوان و قوتابییان بخولقێنی کە بە عیشق و عەلاقەوە بەدوای جوانـی و مانا و داهێنانـدا بگەڕێن و لەو ڕێگایەدا قەت هەراسـان نەبن و ئازایەتیی ئەوەیـان لەلا دروسـت کات، کـە ئیدە و بیروڕاکانیان بکەنە کردەوە.

مندالان بە گشتی کونجکۆڵن و هەمیشە بەدوای ئەوەوەن کە شـتی تازە بدۆزنەوە و دونیای دەوروبەریان بە تاقی بکەنەوە و شت دروسـت کەن. بۆیە سیستەمی پەروەردە و

فێرکردن پێویستە دەرفەتی زۆر بۆ منداڵان و قوتابییان بخوڵقێنێ تا خەللاقییەتەکانیان پەرە پێ بدەن و بەهرە و تواناکانیان دەکاربکەن و بە دوای هیوا و ئارەزووکانیاندا بڕۆنە پێش. هەر بۆیە زۆر گرینگە قوتابخانە پرسیار لای قوتابی دروست کا، هانی بدا تا پرسیار بکا و بە دوای وڵامدا بگەڕێ و لێکۆڵینەوە بکا. ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ فێربوونی قووڵ و هەمەلایەنە. قوتابخانە ئەرکی سەرشانیەتی هەلومەرجی لەبار بۆ قوتابی پێک بێنێ تا ژینگەی دەوروبەری خۆی تاقی کاتەوە و ئەزموونی جۆراوجۆر وەدەست بخا و بۆ گەیشتن بە زانیاری و داهێنان و خولقاندن، خەللاقییەت لەخۆی نیشان بدات. خوێندکاران دەبێ لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن تا لە ڕێگای بەکارهێنانی هەستەکانیان و عەقڵ و شعوریانەوە، گەشە بە خۆیان و توانا و لێوەشاوەییەکانیان بدەن و لە پراکتیکی ژیان و فێربووندا، بایەخە ئەخلاقییە بەرزەکان وەدەست بخەن و لە کار و چالاکیی ڕۆژانەیاندا بەتاقییان بکەنەوە. بەوجۆرە پوختە دەبن و هەڵدەدەن.

بۆ منداڵانی قۆناخە سەرەتاییەکانی خوێندن و یاری کردن بە مەرجێکی سەرەکیی گەشە و بەکۆمەڵایەتی بوون دێتە ئەژمار. لەوەش زیاتر یاری کردن، توانا و خەللاقییەتی منداڵ بۆ فێربوون و وەدەستهێنانی زانیاری و لێوەشاوەییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، دەباتەسەرێ. بۆیە دەبێ لەو قۆناخانەدا، قوتابخانە بایەخێکی زۆر بە یاری بدا و مەیدانێکی بەرین بۆ یاری و یاری کردن، وەک بەشێکی بەرچاوی پرۆگرامی خوێندن، دروست بکات. یارییە کوردەوارییە جۆراوجۆرەکان و ئەفسانە و حیکایەتە کوردییەکان دەکەونە ڕیزی پێشەوەی خشتەی وانەکانی ڕۆژانەی قوتابییان. بەو شێوەیە دەرفەت بۆ فێربوونی پڕ مانا دەخولقێ. لەو ڕێگایەوە منداڵان فێردەبن کە باشتر بتوانن گیر و گرفتەکان چارەسەرکەن و کەسایەتیی هەمەلایەنەی خۆیان بخەملێنن.

گەشەسەندنی بەهرە و توانا و خەللاقییەت لەلای قوتابییان، کۆمەڵگای کوردستان دەوڵەمەند و بەهێز و کارا دەکات. ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ داهێنان و کارگوزاری و گەشەسەندنی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستاندا.

کولتوور وهونەر مەیدانێکی دیکەن بۆ کار و چالاکی لەخۆ نیشاندانی منداڵان و قوتابییان. قوتابخانە ئەرکی سەرشانیەتی لە زۆر بواردا، دەرفەتی کار و خەللاقیەتی هونەری و فەرهەنگی و ئەدەبی و تەکنیکی بۆ قوتابییان پێک بێنێ، تا لەو بوارانەدا پەرە بە بەهرە و لێوەشاوەییەکانیان بدەن. هەستەکانمان و ویژدان و ئەخلاقمان لە ڕێگای بەرهەمە هونەری و فەرهەنگی و کولتورییە جۆراوجۆرەکانەوە، دەخەملێن و گەشەدەکەن. ڕوانگە و پێرسپێکیڤمان بەرین دەکەنەوە. دەربڕینە هونەری و فەرهەنگی و کولتورییەکان، نەک هەر مۆری خۆیان لە سیمای میللیمان دەدەن، کەسایەتیی تاکی کوردیش لە بەرانبەر کولتور و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەدا، شکڵ پێ دەدەن. بۆیە سیستەمی پەروەردەی ئێمە لەسەریەتی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا، بایەخێکی زۆر بە پەرەپێدانی هونەر و کولتور و فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردستانی بدات و شوێنی تایبەتی بداتێ. دیتن و گوێ گرتن و ئەزموون کردنی بەرهەم و دیاردە هونەری و کولتورییەکان، بایەخی خۆیانیان هەیە و شوێنەواری پۆزەتیف لەسەر زەین و بیری منداڵ بەجێ دێڵن. هەربۆیە پێویستە قوتابخانە ببێتە کارگایەکی گەورەی کاری هونەری و کولتوری و فەرهەنگی و قوتابییان

لەوێدا هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر و کولتوری نەتەوەیی و ئینسانی بە تاقی کەنەوە.

ئەگەر لە پێرسپێکتیڤێکی بەرینترەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە گەران بەدوای فێربوون و مانا و جوانیدا، کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری لەسەر پەرە پێدانی شوناسی ئینسانیی تاکی کورد دەبێ وشەقڵ بە کەسایەتییەکەی دەدات. کەسایەتیەک کە لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا بە ڕێگایەکی لەو جۆرەدا تێپەڕیبێ، بەهێز و کاراش دێتەدەر. پەروەردە لەسەریەتی هەستی کونجکۆڵیی قوتابی و تینویەتیی ئەو بۆ فێربوون و بەداواچوون بەهێزبکا و لە سەرتاسەری ئەو پرۆسەیەدا پشتیوانیی لێ بکا و دەستی بگرێ. قوتابخانە پێویستە دەرفەتی فێربوون و خەللاقییەت لەخۆنیشاندان لە هەموو بوارە هونەری و فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان بۆ قوتابی بخولقێنێ.

## ڕێزگرتن لە سروشت، هوشیاری و ئاگاهی ژینگەیی

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا بە گشتی و قوتابخانە بە تایبەتی، پێویستە هوشیاریی ژینگەیی و لێوەشاوەییی ژینگە پارێزی، لە لای قوتابی و تاکی کورد بەرێتە سەر و خۆشەویستی و ڕێز بۆ سروشت بە گشتی و بەتایبەتی سروشتی کوردستان لە کەسایەتیی ئینسانی کورد دا بخولقێنێ .

مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و بەرپرسایەتیی ئەوەی لەسەر شانە کە بە شێوەیەکی دروست پارێزگاریی لێ بکات. بۆیە پەروەردە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا لەسەریەتی، زانست و زانیاری و میتۆدەکانی ڕێزگرتن لە سروشت و پارێزگاری لە سروشت، فێری قوتابی بکا. لە پرۆسەی خوێندن و فێربووندا، قوتابییان دەبێ لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن کە چۆن لە سروشت لەززەت بەرن و بۆ لەشساخی و شادی و شادمانیی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن و بۆ فێربوون و لێکۆڵینەوە بەکاری بێنن. قوتابییان پێویستە فێربن کە چۆن شێوە ژیانی ئینسان، شوێنەوار لەسەر سروشت دادەنێ و کار لە ئاو و هەوا و کەش و ژینگە دەکا و لە ئاکامدا کاریگەریی لەسەر کۆمەڵیش دەبێ. یەکێک لە ئەرکە هەرە گەورەکانی قوتابخانە لە کوردستاندا ئەوە دەبێت کە قوتابییان فێربکات ئاگایان لە سروشتی کوردستان بێت، لەوە حاڵی بن کە وەک میللەتی کورد تەنیا ئیمکاناتێک کە لەبەر دەستماندایە تا پێی بگەینە ڕیزی میللەتانی دیکەی دونیا، سروشتی کوردستانە و یادگاری باوک و باپیرانمانە و لەسەرمانە بە ئەمانەتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆمانی بە جێ بێڵین. لەوەش زیاتر ئینسانی کورد دەبێ بزانێ کە مان و مەوجوودییەتمان وەک نەتەوەی کورد بەو خاکەوە بەستراوەتەوە. بۆیە پەرەپێدانی خۆشەویستیی نیشتمان لە کەسایەتیی تاکی کوردا، پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بایەخی زۆری پێ بدرێ.

لەوەش زیاتر منداڵان، لاوان، قوتابییان و خوێندکاران، پێوستە هوشیاریی ژینگەیی وەدەست بخەن و قوتابخانە فێریان بکات کە لەو سەر زەوییەدا، چارەنووسمان لەگەڵ میللەتانی دیکەی دونیا پێکەوە بەستراوە. لەسەرمانە ژیان و پایەکانی ژیان لەسەر زەوی بپارێزین و لە هەرەوەزی جیهانیی پاراستنی ژینگەدا، لە کەس و لە هیچ میللەتێکی دیکە نەمێنینەوە. پیس بوونی ئاوی دەریا و کانیاوەکان، لەنێوبردنی جەنگەڵ و دارستانەکان، ژەهراوی بوونی هەوا، گۆڕانی ئیقلیم و کەشوهەوا لە زۆر جێگا، لە نێوچوونی ڕۆژانەی هەزاران جۆری دار و درەخت و زیندەوەر، تەنیا گۆشەیەکی

بچووکـــی ئەو کارەســـاتەیە کـــە خەریکە ڕوودەدا. بۆیـــە سیســـتەمی پـــەروەردە لە کوردستان لەســـەریەتی وشیاریی پێویست لەلای ئینسانی کورد دروست بکات تا بتوانێ سروشت و سروشـــتی کوردوستانی خۆش بوێ و بیپارێزێ. پێویســـتە ئـــەوە فێربین کە ئەو هەڕەشـــە و مەترسییانەی لە سەر سروشت و ژینگە و ژیانن، تەنیا بە هەرەوەزی جیهانی چارەسەر دەبن. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییانە، پێویســـتیمان بە تێکنۆلۆژی، زانیاری و هوشیاریی ژینگەیی و ئەخلاقێکی بەرزی سروشتدۆست و ژیاندۆست هەیە تا ئاڵوگۆڕی پێویســـت لە شێوەی ژیان و کار و سەنعەتەکانماندا پێک بێنین بە جۆرێک کـــە بتوانین ژیان بپاریزیـــن و بە ئەمانەت و بەرپرســـایەتییەوە بیگەیەنینـــە نەوەکانی داهاتوو. لەوپەیوەندییەدا، پێویستە جیهانی بیربکەینەوە و کوردســـتانیش بجووڵێینەوە. پاراستنی کوردستان و سروشت و ژینگەکەی ئەرک و بەرپرســـایەتیی ئەسڵیی ڕۆڵەکانی نەتەوی کـــوردە. ئەگەر بتوانین لەوبارەیەوە ڕووســـوور بێینە دەر، ئـــەوە توانیومانە لەو هەرەوەزە جیهانییەشـــدا کاریگەر بین کە بۆ پاراســـتن و خاوێن ڕاگرتنی سروشت و ژینگە لە گۆڕێدایە.

## دێموکراســـی وبەشـــداری لەکاروباری کۆمەڵدا

پەروەردە بەگشـــتی و قوتابخانە بەتایبەتی، پێویستە مندالەکان، لاوان و قوتابییان و بە گشتی هەموو تاکێکی کورد بە دێموکراسی ئاشـــنا بکا. لەوەش زیاتر پێویســـتە ڕۆڵەی کورد فێربێ و ڕابهێنرێ کە دێموکراسی لە کردەوەدا چییە و چۆن پیادە دەکرێ.

قوتابخانە لەســـەریەتی نـــرخ و بایەخە دێموکراتیکـــەکان جێگیربـــکات و فێرمان بکات پشتیوانی لە حکوومەتێک بکەین کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک کوردستان بەڕێوە دەبات و پەیرەوی لە ئەســـڵە دێموکراتیکە دونیاپەســـندەکان دەکات. پـــەروەردە لەســـەریەتی پێ بـــە پێی چوونەســـەری قۆناخەکانـــی خوێنـــدن و پەروردە، ڕێســـا و قانوونـــە دێموکراتییەکان و ڕێوشـــوێنە پەســـندکراوەکانی فەرهەنگی دێموکراسی فێری قوتابییەکان بکات و لەوەشیان حاڵی بکات کـــە بەڕێوەنەبردنی ئەو ئەســـڵانە چ ئاکامێکی لـــێ دەکەوێتەوە. مەبەســـت لە بەشداریکردن لە کاروباری وڵات و کۆمەڵدا ئەوەیە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لە پێشدا لەسەر هەندێک نرخ و بایەخی هاوبەش بۆ ژیان و کار دەگەڵ یەک ڕێک کەون و ڕێز لەو ئەســـڵە دێموکراتیکە بنەرەتییانە بگرن. گرینگترینی ئـــەو ئەســـڵە دێموکراتیکانە بریتین لە تۆلێرانـــس، ئازادیی بیروباوەر و ڕادەربڕین، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی سیاســـی و پیشـــەیی و ئازادیی تێکۆشان لـــە نێویاندا. هەروەها دەستاودەســـتکردنی دەســـەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن و ئازادیی خەڵـــک بـــۆ بەشـــداری لـــە هەڵبژارنیکی ســـالمدا. قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکـــردن لە کوردســـتاندا دەبێ نرخ و بایەخە دێموکراتییـــەکان لە نێو قوتابییاندا پەرە پێ بـــدەن بە جۆرێک کە ئینســـانی کورد وەک کەســـێکی دێموکرات باربێت. ئـــەوەش بە بەشـــداریی چالاکانەی قوتابی لـــە کاروباری پـــۆل و قوتابخانە و گەڕەک و شـــارەکەی خۆیدا دێتـــە دی. قوتابخانە پێویســـتە مەیدانێـــک بێت بـــۆ ئەزموون کردنی دێموکراســـی و جێگیرکردنی نرخە دێموکراتییەکان لە کەســـایەتیی ڕۆڵەکانی کوردستاندا.

بـــە پەرەپێـــدان و پێداگرتن لەســـەر بەها و ئەســـڵە دێموکراتییەکان، قوتابخانە دەتوانێ دژایەتیی هەموو چەشـــنە ســـتەم و هـــەڵاواردن و تەبعیزێک بکا و قوتابییش بۆ ئەو مەبەســـتە ڕابێنێ. هەر لەو کاتەشدا

قوتابخانە پێویستە قوتابییان فێربکات کە ئینسانەکا جیاوازن و هەربۆیە لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریشدا، وەک یەک نین. لەوەش زیاتر قوتابخانە پێویستە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن و فێربووندا، قوتابییەکان فێرکات کە چۆن دەگەڵ کێشە و گیروگرفتەکان بەرەوڕوو بن و لەسەر دەکارکردنی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی چارەسەریی کێشەکان، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، ڕایان بێنی.

تایبەتمەندیی هەرە گەورەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک ئەوەیە کە هەمووان دەرفەت و مافی وەک یەکیان بۆ بەشداری کردن و شوێندانان لە سەر پرۆسەی سیاسی هەبێت. پاراستنی کەمایەتی و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی، بە لایەنێکی دیکەی دیموکراسی و فەرهەنگی دیموکراسی و کۆڵەکەیەکی پتەوی حکوومەتی قانوون دادەنرێ. لەوەش زیاتر کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک بە پێی قانوون هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئاینی و زمانی و خەڵکە بوومییەکان دەپارێزێ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان دەستەبەردەکات. قوتابخانە پێویستە ئەو پرەنسیپە دیموکراتیکانە بچەسپێنی. قوتابییان لە قوتابخانەدا پێویستە لەگەڵ ڕوانگە و بۆچوونی کەمایەتی و زۆرایەتی ئاشنا بن و لەسەر هاوکاریی دیالۆگ و کارکرن دەگەڵ یەکتر، ڕابهێنرین. ڕاهێنانی قوتابی بۆ ژیان و کار لە کۆمەڵگایەکی فرە فەرهەنگ و فرە کولتووردا، ئاشناکردنی قوتابی بە پلۆرالیزمی فەرهەنگی، ئەرکێکی دیکەی سیستەمی پەروەردەیە لە کوردستان.

قوتابخانە دەبێ ئەو جێگایە بێت، کە منداڵان و قوتابییان لەوێدا بە کردەوە، دیموکراسی و بایەخ و پرەنسیپە دیموکراتیکەکان، تاقی کەنەوە و بیانکەنە پراکتیکی ژیانی ڕۆژانەیان. منداڵەکان و قوتابییان دەبێ بە ئێسک و پێستەوە هەست بەوە بکەن کە مامۆستا و قوتابخانە گوێیان لێ دەگرن و بایەخ بە ڕوانگە و بیر و بۆچوونەکانیان دەدەن. ئەوان پێویستە بە قەناعەتەوە بڕوا بەوە بکەن کە لە کاروباری پۆل و قوتابخانەدا، بەتایبەت لەپەیوەندی دەگەڵ ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە ژیان و خوێندن و فێربوون و وەرزش و کاروباری ئەوانەوە هەیە، کاریگەر و شوێن دانەرن. ئەوان پێویستە شانسی ئەوەیان بدرێتێ تا بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی خۆیان لە کاروباری قوتابخانەدا تاقی کەنەوە و لە کاناڵ و میتۆدە دیموکراتیکە جۆراوجۆرەکان بۆ شوێندانان لەسەر ڕەوتەکان، کەڵک وەرگرن. قوتابخانە لەسەریەتی دیالۆگ لە نێوان قوتابی و مامۆستادا، لەمەڕ کاروباری پۆل و چۆنیەتیی دەرس و فێربوون، تەشویق بکات. کاتێک قوتابی بزانی کە دەنگ و نەزەر و بیروبۆچوونەکەی لەلایەن مامۆستا و قوتابخانەوە، بە جددی وەردەگیرێ، هەوڵ دەدا بە تێبینی و وردبینی و بەرپرسایەتییەوە، بیروڕاکانی خۆی دەربڕێ و ئەڵترناتیڤ هەڵبژێرێ. بەو جۆرە قوتابخانە قوتابی فێردەکات کە ببێتە کەسێکی دیموکرات و سەرەنجام ، لە دەرەوەی قوتابخانەشدا وەک کەسێکی دیموکرات و هاووڵاتیەکی بەرپرس ڕەفتار بکات.

## بەشی دووهەم
## پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی فێربوون وگەشەو هەڵدان

ئەرکی قوتابخانە بریتییە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و قوتابییان بە گشتی. بۆیە پەروەردە و فێرکردن، دوو ڕووی یەک دراون و تەواوکەری یەکترن. ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەی خوارەوە یارمەتیی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەدەن تا قوتابخانە بتوانێ لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی خۆیدا،

که لەسەروە باســمان کرد، سەرکەوتوبێت. پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، بە بەشێکی زۆر گرینگی پرۆسەی پەروەردە و فێربــوون دادەنــرێ و ڕۆڵی بنەڕەتیی لە پەروەردە و گەشەسەندنی منداڵان و لاواندا هەیە. ئەرکــی پــەروەردە و فێرکردن لەو قۆناخەدا ئەوەیە کــە قوتابییان، منداڵان و لاوان، وەک کەســایەتیی ئازاد، ســەربەخۆ و بەرپــرس، پــەروەردە بــکا و هەســتی هاوپەیوەندیی ئینسانی و ئینسانییەتیان تێدا بەهێز و پتەو بــکا. لەو قۆناخەدا، قوتابییان فێردەبن خۆیان و کەســانی دی و کۆمەڵگا و دونیای دەوروبەریان بناســن و زانیاریی پێویست لەو بارەیەوە وەدەست بخەن. هەر لەو قۆناخەدایە کــە قوتابییان فێردەکرێن تا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، هەڵبژاردنی ڕاســت و دروســت بکەن. لەو قۆناخەدا قوتابی ئەو زانســت و زانیاری و لێوەشــاوەییانە فێر دەبێت کە بۆ ژیان لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگا و بــازاڕی کاردا پێویســتی پێیــان هەیە. ئەگەرچی وەک باســمان کرد لەو قۆناخەدا ئەرکی قوتابخانە ئەوەیــە کە خویندکاران بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە باربینێ، بەڵام هەر لەو کاتەدا قوتابخانە لەســەریەتی ڕێز لە منداڵ و پێداویستییە تایبەتییەکانی ئەو قۆناخەی تەمــەن بگرێ و دەورانی منداڵی و مێرمنداڵی بە ڕەســمی بناسێ و بایەخ و سەرنجی پێویستی بداتێ.

سیســتەمی پــەروەردە و فێرکردن لە کوردســتان پێویســتە هەلومەرجی گەشە و هەڵــدان و فێربوونی هەمــوو ڕۆڵەیەکی ئەو کوردســتانە دەســتەبەربکا و دەرفەتی پێشــکەوتن و پەرەســەندنی بۆ بخوڵقێنێ. قوتابی کاتێک گەشــەدەکا و فێردەبی، کە قوتابخانە زانیاریی لەسەر سروشت، ژینگە، مرۆڤ، کۆمەڵ،زمان، کولتوور، دین و ڕوانگە فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان ،مێژوو، جوگرافیا و بــازاڕی کاری بداتێ. هەروەها قوتابی ئەو کاتە پەروەردە دەبێ و وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بــاردێ، کە لە ڕەوتی پــەروەردە و فێربوونــدا، لــە قوتابخانەدا، لــە نێو پۆلــدا، ژیانــی کۆمەڵایەتیی تاقی کردبێتەوە و پوختە بووبێ و لێوەشــاوەییە کۆمەڵایەتییەکانی وەدەســت هێنابن. لەو پەیوەندییەدا یاریکردن لەگەڵ هاو پۆلەکان، بەشــداری لە چالاکییــە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانــە و و هەڵســوکەوت و ڕەفتــار و هــاوکاری دەگــەڵ هاوپــۆل و هەڤاڵان لە قوتابخانــەدا، هەلومەرجێکــی لەبار بۆ قوتابــی دروســت دەکەن تا سۆســیالیزە (بەکۆمەڵایەتی) بێ و ئەزموونیکی دەوڵەمەند وەســەریەک بنێ. قوتابی لە هەڵسوکەوتی فیزیکــی و ئەخلاقــی لــە قوتابخانــەدا و لەگەڵ کەســانی دیکەدا، ئەزمونی زۆر کۆ دەکاتەوە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی گەشــە بە کەسایەتیی ئەو دەدات. هەروەها قوتابی لە ڕێگای کارکردنــی بە تەنیاش، فێردەبێ وئەزموون کۆدەکاتەوە و هەڵدەدا. فێربوونی مادده دەرســییە جۆراوجۆرەکان، تیئۆرییە جۆراوجــۆرەکان، بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربوون و دۆزینەوەی وڵام بۆ پرسیارەکان، هەموویان بە نۆرەی خۆیان ئەزموونی قوتابی بۆ فێربوون و هەڵدان دەوڵەمەند دەکەن.

## گەشەسەندن و بە کۆمەڵایەتی بوون

قوتابخانە لەسەریەتی قوتابی بەکۆمەڵایەتی بــکات و لە ڕێــگای بەشــداریی چالاکانە و ئامانجــدار لــە کاروبــاری قوتابخانە و لە پرۆســەی خویندن و فێربووندا، گەشــە بە کەســایەتیی ئەو بدات. لە ڕاستیدا فێربوونی مادده دەرســییە جۆراوجــۆرەکان، بە هیچ جۆر لە پرۆســەی بەکۆمەڵایەتــی بوون و پەروەردە بوونــی کۆمەڵایەتی جیاناکرێتەوە. هــەر بۆیە بەکــردەوە قوتابییــان ڕۆژانە لە قوتابخانــەدا، هــەر لەو کاتەدا کە زانســت و زانیاریــی جۆراوجۆر فێردەبــن، لە باری

کۆمەڵایەتییشـــەوە لێوەشـــاوەیی وەدەست دەهێنن. لە ڕەوتی بەشـــداری و هاوکاری لە کاروبـــاری پۆل و قوتابخانـــەدا، لە چالاکییە پەروەردەیییەکانـــدا، قوتابـــی لەگەڵ بیر و هەست و ڕوانگە و ئیحساساتی هاوپۆلەکانی ئاشـــنا دەبێ و ئەوەش زەمینەی ئەوەی لە لا دروســـت دەکات تا هەســـتی هاودەردی و هاوپەیوەندیی بەرانبـــەر بەوان تێدا پێک بـــێ. دیارە ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەرفەتی ئـــەوەی بـــۆ دەرەخســـێنی کە هـــاوڕێ و دۆســـت پەیدا بکا و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی بەتاقـــی کاتەوە. دیالۆگ ڕۆڵـــی بنەڕەتی لە بەکۆمەڵایەتی بوونی قوتابیدا دەگێڕێ. هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی قوتابخانەیە کە قوتابی فێری دیالۆگ و تەکنیکەکانی بکات، فێری بـــکات کە چۆن لە کاتی بـــاس و وتوویژ و دیالۆگدا، گوێ بگرێ و تێکۆشێ لە مەبەستی بەرانبەرەکـــەی حاڵـــی بێـــت. قوتابخانە لە پرۆسەی کاری ڕۆژانەدا بە گشتی و مامۆستا بە تایبەتی قوتابی فێری کۆمیونیکاســـیۆن و فۆرمۆڵەکـــردن وەدەربڕینی نەزەراتی خۆی دەکات. بە جۆریک کـــە لە کاتی دەربڕینی بیروبۆچوونـــی خـــۆی و بـــە نوێنەرایەتیی کەســـانی دیکـــەش، لە خـــۆی دڵنیا بێت. گوێگرتنی بە دیققەت لە کەســـی بەرانبەر و لەهەمان کاتیشدا، بەڵگە هێنانەوەی دروست و حیســـابی بۆ دیفاع لە بۆچوونەکانی خۆت، بە تایبەتـــی لەو کاتەدا کە کێشـــەیەک لە گۆڕێدایە، باشـــترین تەکنیکە بۆ چارەسەری کێشـــەکان و ئیدارەکردنـــی ناکۆکـــی و ناڵێکییـــەکان و گەیشـــتن بە چارەســـەری هاوبەش. هەموو قوتابییان پێویســـتە فێری هاوکاری دەگەڵ یەکتر و دەگەڵ کەســـانی دیکـــە بـــن . کاری هاوبەش بکـــەن، تا لەو ڕێگایەوە ڕابێن کە بە دەســـتەجەمعی بڕیار بدەن و بەرپرســـایەتیی هاوبـــەش قەبووڵ بکەن. ماڵەوە، قوتابی و مۆمۆستا و قوتابخانە، هەموو پێکەوە لەســـەریانە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشە و فێربوون و هەڵدانی قوتابی پێک بێنن. بەو جۆرە تاکی قوتابی فێردەبێ کە لە نێو گرووپدا بژی و لە نێو گرووپدا ڕەفتاربکا و لەوبارەیەوە خۆی ڕابێنێ. لەولاشـــەوە پۆل و قوتابخانە زەمینەی ئەوە دروســـت دەکەن کـــە قوتابـــی دەرفـــەت و شانســـی ئەوەی بدرێتـــێ تا وەک تاکێک پـــەرە بە توانایی و لێوەشـــاوەیییەکانی خۆی بـــدات. بەو جۆرە قوتابی وەک تاکیـــک پۆلەکەی بەهێز دەکا و پۆلیـــش وەک گـــرووپ لـــە لای خۆیەوە پشـــتیوان و یاریدەدەری تاکی قوتابی دەبێ بـــۆ فێربـــوون و هەڵدان و گەشەســـەندنی کۆمەڵایەتی.

قوتابخانە لەســـەریەتی لێوەشـــاوەیی و توانای قوتابی بۆ قەزاوەتی عادڵانە و دروست بەرێتە ســـەر تا لە کاتی پێویستدا بزانێ کە دەبێ ڕێـــز لە ژیانی خسوســـی و تایبەتی کەسانی دیکە بگرێ و ئابڕوو و کەرامەتیان بپارێـــزی. هەربۆیە قوتابخانە تێدەکۆشـــێ هەموو وشە ناحەز و پڕ لە سوکایەتی و بێ ئەدەبییەکان، ئەو وشـــانەی بە ڕق و قین و سووکایەتی بارگاوینە، لە قامووسی قوتابیدا بســـڕێتەوە و فێری زمانی ڕێز و حورمەت و دیالۆگ و وتوویژی خەللاقی بکات. قوتابییان لە ڕێگای پرۆگرامی پەروەردەیی تایبەتەوە لەســـەر ڕەفتاری دروســـت و بەرپرسانە لە کۆنتێکســـتە جۆراوجۆرەکاندا، ڕادەهێنرێن. لەو بارەیـــەوە بەکارهێنانـــی تێکنۆلۆژی و فۆرم و شـــێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین و کۆمیونیکاســـیۆن، توانـــای قوتابـــی لەو پێوەنییەدا دەبەنەسەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەنـــد دەکەن. بەو جـــۆرە قوتابییان فێردەبـــن کە لە هەموو جێیەک و تەنانەت لـــە دەرەوەی قوتابخانەشـــدا، بەرپرســـانە هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن.

## زانست و زانیاری

قوتابخانـــە فێربوونـــی مـــاددە زانســـتییە

جۆراوجۆرەکان بەگرینگ دەزانێ و قوتابی هان دەدات تا زانست و زانیاریی پێویست، بە گوێرەی پرۆگرامەکانی خوێندن، لە هەموو ماددە دەرسییەکاندا وەدەست بێنێ. چونکە ئـەوە لایەنێکی زۆر گرینگی سـەرجەمی پرۆسـەی فێربـوون و پەروەردەبوونـە. مەبەست لە فێربوونی دەرسە زانستییەکان ئەوەیـە کە قوتابی زانیای و شـارەزایی و لێوەشـاوەیی لە زانسـتە جۆراوجۆرەکاندا وەدەست بخا و بتوانێ لە مەیدانەکانەکانی ژیان و کاردا، بۆ دۆزینەوەی چارەسـەری بـۆ گیروگرفتـەکان بەکاریـان بێنـێ . لێوەشاوەیی زانستی بریتیە لە تێگەیشتن و توانا بۆ حاڵی بوون لە مەسەلە و مەوقعیەت و دیاردە جۆراوجـۆرەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

ئەرکـی سەرشـانی قوتابخانەیـە کە هەوڵ بدا قوتابی لە دەرسـە زانستییەکان تێبـگا تا پایەی زانسـتیی خـۆی بەرێتە سـەر. بە پێـی بەرنامە، هـەر مادەیەکی دەرسـی ئامانجی خۆی هەیـە. قوتابخانە دەبـێ کارێک بـکا هەموو ئەو زانسـت و زانیارییانەی کە لە بەرنامە دەرسـییەکاندا هاتوون، فێـری قوتابی بکرێـن، بەڵام لە کاتی هەڵسەنگاندا، سەرجەمی ئەو زانیاری و شـارەزاییە زانسـتییە لەبەرچاوبگـرێ کە قوتابی وەدەسـتی هێنـاوە. واتە دەبێ فێربوونی ماددە دەرسـییە جۆراوجۆرەکان لـە پەیوەندی دەگەڵ یەکتـردا ببینرێ و هەڵسەنگێنرێ.

پایەی زانسـتی قوتابی کاتێک دەچێتە سـەر کە قوتابی فاکتـەکان، تیۆرییەکان، زاراوە و بیردۆزەکان لە گشت بابەت و بوارە جۆراوجـۆرە زانسـتییەکاندا بزانێ و لێیان حاڵی بێت. ئەو شارەزاییە دەبێ بە جۆرێک بێت کە قوتابی بتوانێ لە کردەوەدا بەکاری بێنێ و بۆ چارەسـەری گرفت و کێشـە و ڕاپەڕاندنـی ئەرک و بەرپرسـایەتییەکانی کەڵکیان لـێ وەرگرێ. مەبەسـت ئەوەیە کـە قوتابخانە هەوڵ بـدا قوتابی، توانایییە زانستییەکانی خۆی لە کردەوەدا بەکاربێنێ. بۆیە شارەزاییی زانستی تەنیا هەر زانیاریی تیئوریک ناگرێتەوە. لە پەنا ئەودا لێوەشاوەییی کۆگنێتیڤی(شناختی - ناسیاری)، مۆتۆریک و زمانی و کۆمیونیکاسـیۆنیش دەگرێتەوە. لەوەش زیاتر شـارەزاییی زانستی ئەوەش دەگرێتەوە کە قوتابی تواناییی ئەوەی هەبێ لـە بـاس و لێکدانەوەی بابەتە زانسـتییە جۆراوجۆرەکاندا، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەشـداری بـکا. تواناییی هەڵسـەنگاندنی زانستییانە و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لێک جیاناکرێنـەوە و تەواوکـەری یەکترن. ئەو توانایییەیـە کە هێـز و قودرەتی ئەخلاقی و زانستی و لێوەشـاوەییی کۆمەڵایەتی لە قوتابیدا پێک دێنێ.

هەروەهـا قوتابخانـە لەسـەریەتی دەرفەتی ئەوەش بۆ قوتابی دروسـت بکات کە لـە یەکێک لە بـوارە زانسـتییەکاندا قووڵ بێتەوە و شـارەزایی و لێوەشـاوەییی هەموولایەنە وەدەست بخا. بۆ ئەو مەبەستە قوتابی دەبـێ ڕێگای جۆراوجۆری فێربوون و قـووڵ بوونەوەی بۆ برەخسـێ و بخرێتە ژێـر تاقیکردنـەوەی زۆر و بـەردەوام. بەتایبەتی لە کوردسـتاندا ئەو مەسـەلەیە زۆر گرینگە. چونکە میللەتی ئێمە ئێسـتا و داهاتـوو، پێویسـتی بە پەرەسـەندنی ئابووری و سـەنعەتیی هەموولایەنە هەیە. ئەوەش تەنیا لە سەر بناخەی پەرەسەندنی زانسـتی و تێکنۆلـۆژی لە کوردسـتاندا بنیـات دەنرێ. هەرلەوکاتەشـدا قوتابخانە دەبێ بەردەوام پێ لەسـەر ئەوە داگرێ کە هەرپێشـکەوتنێکی زانسـتی لە قوتابیدا، پێویسـتە لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو بایەخ و نرخە جەوهەری و ئینسانی و ئەخلاقییانەدا ببینرێ کە ئامانجی سەرەکیی پەروەردە و فێرکردنن.

## شــــــــارەزایی و لێوەشــاوەییە بنەڕەتییەکان

قوتابخانە دەبێ دەرفەتــی ئەوە بخولقێنێ کــە قوتابــی بتوانــێ ئــەو شــارەزایی و لێوەشــاوەییە بنەڕەتییانە وەدەست بێنێ، کــە بــە مەرجــی ســەرەکیی چۆنەپێش و هەڵــدان و گەشەســەندن دادەنرێــن. ئــەو شــارەزاییە بنەڕەتییانــە بریتین لە خوێندنەوە، نوســین، ژماردن، قســەکردن و شــارەزاییی دیجیتاڵی. پێویستە بگوترێ ئــەو شــارەزاییە بنەڕەتییانە، لــە هەموو مــاددە دەرســییەکاندا، لایەنێکی گرینگی فێربونــن. بەڵام بایــەخ و گرینگیی ئەوان لەوەدایە کە بۆخۆشیان ئامرازی چوونەپێش و فێربوونن. ئاخر ئــەوان بۆ یارمەتیدان بە گەشە و جێگیربوونی کەسایەتی و ناسنامە و شوناسی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییی قوتابی رۆڵی کاریگەر دەگێڕن. سەرەنجام بەبێ ئەو لێوەشــاوەییە بنەڕەتییانــە، مرۆڤ ناتوانێ لــە کاروبــاری کۆمەڵ و وڵاتی خۆشــیدا بەشداریی چالاک و کاریگەری هەبێت.

لە هەر قۆناخێکی خوێندندا، لایەنێکی گرینگی پــەروەردە و خوێندن و فێربوون، بریتییە لــە پەرەپێدانی ئەو شــارەزایی و لێوەشــاوەییە بنەڕەتییانە لە قوتابیدا. ئەو پرۆســەیە لە یەکەم قۆناخەکانی خوێندن و فێربوونەوە دەســت پــێ دەکا، تا دەگاتە لێکۆڵینەوە و نوسینی ئاکادیمیک وتێکست و وتاری زانســتی و ئەدەبیــی جۆراوجۆر. لە پرۆســەی خوێنــدن و فێربوونــدا ئەو لێوەشــاوەیی و شــارەزاییە بنەڕەتییانــە پێویســتە لــە پەنا یەکتــردا ببینرێن و بە تەواوکــەری یەکتــر بە حیســاب بێن. لە هەموو ماددە دەرسییەکاندا ئەو شارەزاییە بنەڕەتییانە دەبــێ وەک ئامانجی فێربوون دیاری بکرێن و قوتابی بۆ وەدەستهێنانیان بخرێتە ژێر بەرنامەیەکی چڕوپڕی خوێندن و فێربوونەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەرکام لە ماددە دەرسییە جۆراوجۆرەکان دەتوانــن نەخشــی تایبــەت بەخۆیان لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئەو شارەزاییانەدا هەبێ. دیارە لەو نێــوەدا هەندێک ماددەی خوێندن و هەندیک دەرس، بەرپرسایەتیی زۆرتریان دەکەوێتە سەرشــان. مامۆســتا لەسەریەتی تێکۆشێ لە هەموو دەرسەکاندا، قوتابــی ئــەو لێوەشــاوەییە بنەڕەتییانە وەدەست بێنی.

## فێربین کە بەردەوام فێربین

ئەرکێکــی دیکــەی قوتابخانــە ئەوەیە کە قوتابــی فێربــکات بتوانــێ ســەربەخۆ و بــەردەوام بەدوای فێربوونــدا بگەڕێ و لەو ڕێگایەوە زانســت و زانیاری و لێوەشاوەییی کۆمەڵایەتی و زانســتی وەســەریەک بنێ. کاتێک قوتابی ی‌ڕوا بە تواناکانی خۆی دێنێ و بــۆ گەشــەپێدانی هەمووڵایەنەی خۆی دەکاریان دەکات، هەســتی بڕوابەخۆبوونی زۆرتــری تێــدا پەیــدا دەبێ. بــەو جۆرە قوتابخانە پێویستە قوتابی هان بدا و ئەوینی خوێندن و فێربوونی تێــدا پەروەردە بکا و مۆتیڤاشــۆن(پاڵنان-هاندان)ی بۆ خوێندن و تەحقیقــات و لێکۆڵینــەوە و فێربوونــی زیاتر بداتێ. بۆ مەبەســتێکی لەو چەشــنە قوتابخانە لەســەریەتی لە هــەر قۆناخێکی خوێندندا، بــە گوێرەی تەمــەن و ڕادەی گەشــەی عەقڵی و جسمیی قوتابی، قوتابی لەســەر فێربوونی تێکنیکەکانی خوێندنەوە و ستراتێژییەکانی فێربوون ڕابهێنێ. ئەگەر قوتابــی فێری ئەوە بکرێ کــە بەرەبەرە و پــێ بە پێی چوونەســەری تەمەنی، ڕادە و چۆنیەتیی فێربوونی خــۆی و هاوپۆلەکانی هەڵســەنگێنێ، سەرەنجام بە تەواوی فێری ئەو هونەر وتێکنیک و ســتراتێژییانە دەبێ کە مرۆڤ بۆ فێربوونی سەربەخۆ و ئامانجدار و بەردەوام پێویستی پێیانە.

ئەو قوتابییەی فێر بێ پرسیاری دروست

و حیسابی فۆرمۆڵە بکا و بێنیتە گۆڕێ، بە دوای دۆزینەوەی وڵامەکەیدا لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا بگەڕێ و بە میتۆدی زانستی، داتا و زانیارییەکان لەگەڵ یەکتر بەراوەرد بکا، سەرەنجام ڕۆڵی سەربەخۆی خۆشی لە پرۆسەی خوێندن و فێربووندا دەدۆزێتەوە و ئەو شارەزاییەش بۆ فێربوونی بەردەوام بەکاردێنێ. لە ڕەوتی کارکردن و خوێندنی ماددە دەرسییە جۆراوجۆرەکاندا، بەرەبەرە قوتابی ئەو ئەزموونە وەدەست دێنێ کە بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە پێویستی پێیەتی. ئەو لێوەشاوەییە کاتێک باشتر دروست دەبێ کە قوتابی بتوانێ بابەتە جۆراوجۆرە زانستییەکان و لایەنە ڕەنگاورەنگەکانی دیاردەکان، دەگەڵ یەک بەراوەرد بکا و ئاکام و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بەدەستەوە بدا. تا قوتابی بتوانێ لە پرۆسەی فێربوونی خۆیدا، باشتر لە میتۆدی زانستی و ڕەخنەگرانە و تێکنیک و ستراتێژییە جۆراوجۆرەکانی فێربوون و خوێندنەوە کەڵک وەرگرێ، باشتر دەتوانێ لە کاری خوێندن و لێکۆڵینەوە و فێربووندا سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

شایانی باسە هەندێک قوتابی، سەرەڕای هەوڵ و کۆششی زۆر و بەکارهێنانی ستراتێژیی جۆراوجۆریش بۆ فێربوون، لە ڕەوتی خوێندن و فێربووندا، توشی گیروگرفت دەبن و پێویستییان بە یارمەتی و دەستگرتنی تایبەتی و تەنانەت میتۆدی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا هەیە کە ئەوان تێیدا بەسەردەبەن. لە وەزعێکی ئاوادا گەلێک هاوکاریی جۆراوجۆر هەن کە پێویستە لە لایەن پسپۆڕانی پەروەردە و سایکۆلۆژی و زانستە کۆمەڵایەتی و پزیشکییەکانی دیکەوە لێک بدرێنەوە و ئاسانکاریی پێویست بۆ قوتابییەکە بکەن تا بتونێ بە شێوەیەکی ئاسایی بڕواتە پێش. بۆیە قوتابخانە پێویستە تێکۆشێ ئەو ئەوین و حەزە لە هەموو قوتابییاندا پێکبێنێ کە بتوانن سەربەخۆ وەدوای زانست و زانیاری کەون و خۆیان باشتر پێبگەیەنن.

## پاک و خاوێنی و لەشساخیی گشتی، مودیرییەت و بەڕێوەبردنی ژیان، دێموکراسی و هاووڵاتی، پەرەئەستاندنی هەموولایەنە و پایەدار و درێژخایەن

قوتابخانە ئەرکی سەرشانیەتی لە پرۆسەی خوێندن و فێربووندا، لەسەر ئەو بابەتانە کار بکا. لە سەرتاسەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ئەو بابەتانە هەوێنی بنەڕەتیی هەموو کار و چالاکییەکانی قوتابخانە پێک دێنن. ئەو بابەتانە لەو مەسەلە گرینگانەن کە ئێستا چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی میللی و نیشتیمانیدا، بە هێند وەردەگیرێن.

قوتابییان لە ڕێگای خوێندن و فێربوونی ماددە دەرسییە جۆراوجۆرەکانەوە، شارەزاییی پێویست لەسەر ئەو پرسانە وەدەست دەخەن. ئەوان لە قوتابخانەدا، لە ڕێگای ئەزموون کردنی زانستە جۆراوجۆرەکان و بەراوەرد کردنی بابەت و دیاردەکان دەگەڵ یەکتر، فێردەبن ڕێگا چارەی گونجاو بدۆزنەوە وچارەسەری کێشە و کەموکورییەکان بکەن. بۆیە ئەرکی سەرشانی قوتابخانەیە کە هەموو ئەو بابەتانە لە پرۆگرامەکانی خوێندن و فێربووندا بگونجێنێ و قوتابی بە زانست و زانیاریی پێویست چەکدار بکات تا سەرەنجام بتوانێ وەک هاووڵاتییەکی چالاک و بەرپرس و کارا هەڵسووڕێ و ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێ.

## لەشساخی و هونەرەکانی ئیدارەکردنی ژیان

قوتابخانە پێویستە لە ڕەوتی کاری پەروەردە و فێرکردندا، لەشساخیی فیزیکی و

سایکۆلۆژیی قوتابی بەرێتە سەر و بەهێزی بکا. ئەو مەسەلەیە زۆر گرینگە تا قوتابی بتوانێ لەباری ڕۆحی و بەدەنییەوە، ساخ بێ . بەتایبەتی لە قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا، کارکردن لەسەر ئەو بابەتانە یارمەتی بەوە دەکا کە قوتابی، وێنەیەکی پۆزەتیڤی لە خۆی هەبێ و شوناس و ناسنامەی خۆی بناسێ و بەهێزی بکات. ئەگەر قوتابخانە لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە بتوانێ لەشساخی و سلامەتیی ڕۆحی و بەدەنیی منداڵان، لاوان و قوتابییان پەرە پێ بدا، یارمەتی بە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی لەشساخ و تەندروست و ساخڵەمیش دەکا.

مەبەست لە ئیدارەی ژیان ئەوەیە قوتابی بتوانێ هەموو ئەو زانیاری و شارەزاییانە فێربێ کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئینسان هەیە و بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە لە نێو خێزان و کۆمەڵگادا پێویستن. قوتابی دەبێ فێر بێ دەگەڵ هەوراز و هەڵدێرەکانی ژیان هەڵبکا، دەگەڵ نارەحەتی و قەیران و دەورانە سەخت و دژوارەکان دەست و پەنجە نەرم بکا. لەو ڕێگایەوە پوختە دەبێ و ئەزموونی زۆر وەدەست دێنێ، ئەوەش ئامادەی دەکا تا بەرزی و نزمییەکانی ژیان و ڕۆژگار بە لێوەشاوەییەوە تێپەڕێنێ. بۆ ئەو مەبەستە قوتابخانە لە پرۆگرام و بەرنامەی تایبەت بەوکارە کەڵک وەردەگرێ.

گرینگترین ئەو بابەتانەی کە لەو بارەیەوە قوتابخانە دەبێ سەرنجیان بداتێ و کاریان لەسەر بکات بریتین لە شێواز و ستایلە جۆراوجۆرکانی ژیان، سێکسواڵیتی، ماددە هۆشبەرەکان، پاک و خاوێنی و تەندروستی و نەخۆشییەکان، بەکارهێنانی مێدیاکان، مەسرەفی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ئیکۆنۆمیی شەخسی و بودجەبەندیی مانگانە و ساڵانە. ئاشنا بوون دەگەڵ نرخ و بایەخە جۆراوجۆرە دینی و ئەخلاقی و فەلسەفییەکان وهەڵبژاردن و پەیڕەوی لێ کردنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا. بوارێکی دیکەی کاری قوتابخانە دەبێ بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانە بێ کە ژیان بە ماناوە جوانە. قوتابخانە پێویستە قوتابی وا باربێنی کە بەدوای ماناو جوانیدا بگەرێ. کار کردن لە سەر پەیوەندییە ئینسانییەکان لە لایەک و سنوردانان بۆ خۆ و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە لە لایەکی دیکەوە، مەیدانیکی دیکەن بۆ کارلەسەرکردن و ڕاهێنانی قوتابی لەسەریان. ئەوە کە قوتابی فێربێ هەست و بیر و ئیحساس و ڕەفتارەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکا و پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ کەسانی دوروبەری ڕاگرێ و ئیدارە بکا، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو بابەتە پەروەردەییانەوە کە لێرەدا باسمان کردن.

## دێموکراسی و هاووڵاتی

کارکردن لەسەر دێموکراسی و ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە هاووڵاتی هاووڵاتیبوونەوە هەیە، مەیدانێکی دیکەی گرینگی بواری پەروەردە و فێرکردنە. قوتابخانە لەسەریەتی قوتابییان دەگەڵ بایەخ و ڕێسا و قانوونەکانی دێموکراسی ئاشنا بکا و بە جۆرێک باریان بێنی کە بتوانن لە هەموو پرۆسە دێموکراتیکەکاندا بەشداریی چالاکانە بکەن. قوتابی پێویستە تێبگا کە پەیوەندییەکی نزیک و زیندوو لە نێوان دێموکراسی و ستاندارد و نۆرمە پەسند کراوەکانی یاسای نێونەتەوەییی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤدا هەیە. گرینگترینی ئەو ماف و ئازادییانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر دێموکراسی و کارکردی دێموکراسی هەیە، بریتین لە ئازادیی دین وعەقیدە و بەیان، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕوکۆبونەوە و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی و تێکۆشان

لــە نێویاندا، مافی دەنگـــدان و هەڵبژاردن و هەڵبژێـــران. هەروەهـــا قوتابـــی دەبـــێ ئـــەوەش فێر بێ کە دێموکڕاســـی دەتوانێ فۆرم و شـــکڵی جۆراوجـــۆری هەبێ. بەڵام جەوهەرەکەی یەکە.

لێرەدا قوتابی دەگەڵ ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی ئاشـــنا دەبێت. ئەگەر لە لایەکەوە هاونیشتیمانی ئازادە بەشداری لە کاروباری سیاســـیدا بکات، لـــەو لاشـــەوە کۆمەڵگا پێویســـتی بەوەیـــە کـــە هاووڵاتییـــان بە شـــێوەیەکی چالاک و زیندوو لە کاروباری کۆمەڵدا بەشـــداربن. تەنیا لـــەو ڕێگایەوەیە کۆمەڵگایەکـــی مەدەنیی بەهێز دروســـت دەبێ. ئەرکی قوتابخانە ئەوەیە قوتابی هان بدا ببێتە هاووڵاتییەکی چالاک و هەڵسوور و بەرپرس و شـــوێندانەر. بەو جۆرە قوتابی دەبێتە پارامیترێکی کاریگەر بۆ بردنەپێش و پەرەپێدانـــی دێموکڕاســـی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. قوتابی لێرەدا دەبێ دەگەڵ ئەو یاسا و پرەنسیپانە ئاشنا بیت کە کارکردی دێموکڕاسی ڕێکدەخەن. وەک مافی زۆرایەتی بۆ بەڕێوەبـــەری، بە وەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادییەکانی کەمایەتی و هەروەها ڕێزدانان بۆ مافەکانی هاونیشتمانان. قوتابی پێویستە دەگـــەڵ ناتەبایـــی و دیلیماکانی ئەو بابەتە ئاشـــنا بێت تا بتوانێ لە کردەوەدا ڕەفتاری دروست و دێموکراتیک لەخۆی نیشان بدا. بۆ ئەو مەبەستە بارهێنانی قوتابی کە بتوانێ بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانـــە بیربکاتەوە و مەسەلەکان هەلسەنگێنێ، کاریگەریی زۆری هەیە. تایبەتمەندییەکی گەورەی کەسێکی دێموکرات ئەوەیە کە پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگیی قەبووڵ بێ، بتوانێ دەگەڵ نەیار و ڕکابـــەر و موخالیفانی خۆی بحاوێتەوە و لەسەر ئەوە ڕێک کەوێ کە زۆر جار مرۆڤ ناتوانـــێ دەگەڵ ئـــەوان بە تەوافـــوق بگا. لـــەوەش زیاتر قوتابی دەبێ ئەوەش فێر بێ کە دێموکڕاسی ناتوانێ ڕاوەستێ. هەمیشە بـــۆ پێشـــەوە دەڕوا و دەوڵەمەندتر دەبێ و گەشەدەکا. ئامانجی سەرەکیی دێموکڕاسی بریتیە لە دێموکڕاسیی زۆرتر.

## پەرەسەندنی پایەدار و بەردەوام

ئاشـــناکردنی قوتابی دەگەڵ یاسا و لایەنە جۆراوجۆرەکانـــی پەرەســـەندنی کۆمـــەڵ لەباری ئابووری و ســـەنعەتییەوە، ئەرکێکی دیکەی سیســـتەمی پەروەردە و فێرکردنە. مەبەست لە پەرەسەندنی پایەدار و بەردەوام ئەوەیە کە بتوانین شانبەشانی پەرەسەندنی ئابووری، ژیان و ســـەرچاوە و کۆڵەکەکانی بپارێزیـــن . واتە هەرلەو کاتەدا کە ئابووری و پیشەســـازیی ئەمرۆمان لە کوردســـتان، پێداویســـتییە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانی کوردســـتان دابین دەکا، پێویســـتە قازانج و بەرژەوەندییەکانـــی نەوەکانـــی داهاتووی نەتـــەوەی کوردیـــش لەبەرچـــاو بگرێ و کارێک نەکا کە ئەوان بەسەر کوردستانێکی وێران و کەســـنەکیل و بەردەڕەقدا بکەون. پەرەسەندنی بەردەوام بریتییە لە پێکهێنانی بالانس و هاوئاهەنگی لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگەدا. قوتابخانە پێویســـتە قوتابـــی فێربکات کە شێوەی ژیان و ڕادەی مەسرەفی سەرچاوە سروشتییەکان لەلایەن تاکەکان و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانەوە، ئاکامی میللی و ناوچەیی و جیهانیی بەدواوەیە.

لـــە ڕێگای کارکردن لەســـەر پرۆگرامە دەرسییەکانی تایبەت بەو بابەتەوە، وشیاری و ئاگاهیی ژینگەیی لە لای قوتابی دروست دەبـــێ. بە جۆرێـــک کە بتوانـــی لە کاتی مەســـرەف و بەکارهێنانی ســـەرچاوەکاندا، بـــە شـــێوەیەکی بەرپرســـانە و ئەخلاقی و بـــە تێبینییەوە ڕەفتار بـــکات. هەر لە ژێر ئەو بابەتەدا، قوتابی دەگەڵ مەســـەلەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە، ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا، هەژاری، چۆنیەتیی دابەش بوونی سەرچاوە

سروشتییەکان، شەڕو کێشەکان، لەشساخی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، پەیوەندیی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژار، دیمۆگرافی و خوێندن و فێربوون لە ناوچە جیاجیاکانی دونیادا ئاشنا دەبێت. قوتابی پێویستە زانیاری لەسەر هەموو لایەنەکانی پەرەسەندنی پایەدار و بەردەوام وەدەست بێنێ.

تێکنۆلۆژی، کاریگەریی گەورەی لەسەرمرۆڤ، کۆمەڵگای ئینسانی و ژینگەهەیە. بۆیە زۆر گرینگە قوتابی، زانست و زانیاری لە سەر پەرەسەندنی ئابووری، ژینگە و پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکان و پەیوەندیی نێوان ئەوان وەدەست بێنێ. هیچ گومانی تێدا نییە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، دەتوانێ زۆر گیروگرفت چارەسەرکات. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەرهەمان پێشکەوتنی تێکنیکی دەتوانێ گیروگرفتی دیکەش بۆ مرۆڤایەتی بخوڵقێنێ. بۆیە قوتابخانە دەبێ قوتابی بەجۆرێک بار بێنێ کە ئاگاداریی بەسەر ئەو مەسەلەیەدا هەبێ و بتوانێ هەمیشە هەڵبژاردنی دروست بکا .

## پراکسیسی قوتابخانە

قوتابخانە پێویستە بە ڕێز و حورمەتەوە قوتابی وەرگرێ، هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکا، ئەمنیەتی ڕۆحی و فیزیکیی بۆ برەخسێنێ و لە هەمان کاتدا چاوەڕوانیشی لێی هەبێ و ئەرکی پێویستی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە و بەدواچووندا بخاتە سەر شان. بە جۆرێک کە بۆ فێربوون هان بدرێ. بۆ ئەو مەبەستە قوتابخانە لەسەریەتی ژینگەیەکی لەبار و هەلومەرجێکی گونجاو بۆ فێربوونی قوتابی بە هاوکاری دەگەڵ ماڵەوە دەستەبەر بکا. ئەوەش پێویستی بە چەند تیمی پسپۆڕ و کارزان هەیە کە قوتابخانە دەبێ بۆڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە، لە دەوری یەک کۆیان کاتەوە و بیانخاتە خزمەت پرۆسەی پەروەردە و فێربوونەوە.

## ژینگەیەکی ئامێزئاوالا بۆخوێندن و فێربوون.

قوتابخانە پێویستە بە ئامێزێکی ئاواڵاوە جێگا بۆ هەموو قوتابییان بکاتەوە وژینگەیەکی ئەوتۆیان بۆ برەخسێنێ کە لەوێدا هەست بە سلامەتی وشادی و خۆشحاڵی بکەن بۆ خوێندن و فێربوون هان بدرێن.

دابینکردنی ژینگەیەکی بەهێز کە لەوێدا قوتابی بۆ خوێندن و فێربوون هان بدرێ و هەلومەرجی هەڵدان و گەشەسەندنی هەموولایەنەی بۆ دەستەبەر بکرێ، یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە. بەبێ ئەوە گەشەسەندنی قوتابی چ لە باری کۆمەڵایەتی و چ لە باری زانستییەوە، مەیسەر نابێ. ئەگەر قوتابی لە پۆل و لە نێو قوتابخانەدا، هەست بە ئەمنییەت وئاسایش نەکا، فێریش نابێت. ژینگەیەکی لەو چەشنە تەنیا لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ و شارەزا، کە بە بەرچاوڕوونییەوە کاردەکەن، بە هاوکاریی دەگەڵ قوتابییەکان ئیمکانی دابین بوونی هەیە. مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی قوتابخانە، دایک و باوکەکان و قوتابییان، بەرپرسایەتیی هاوبەشیان هەیە کە فەزایەکی لەبار بۆ گەشە و هەڵدان و فێربوون، دوور لەهەر چەشنە جیاوازی دانان و هەڵاواردن و توندوتیژییەک، لە قوتابخانەدا پێک بێنن. قوتابخانەیەکی لەو جۆرە کە باوەشی بۆ هەموو قوتابییان ئاواڵەیە و ژینگەی لەبار بۆ گەشە و فێربوونی هەمووان دەخوڵقێنێ، فرەفەرهەنگی و فرەکولتووری نەک هەر بە هەڕەشە نازانێ، بەڵکوو لە پەیوەندی دەگەڵ بەرنامەکانی خۆیدا بە سەرمایەی لە قەڵەم دەدا.

قوتابی پێویســـتە مەیدانی بدرێتێ تا لە کاروباری پۆل و قوتابخانەدا بە شـــێوەیەکی کاریگەر بەشـــداری بکات و بەربرســـایەتی وەرگرێ. قوتابییان لە پرۆسەی هاوکاری و کۆمیونیکاســـیۆن و کاری هاوبەش دەگەڵ یەکـــدا، بیردەکەنەوە، ئەزموون وەدەســـت دەخەن و زانیاری وەدەست دێنن. قوتابخانە دەبـــێ بەجۆرێک توانـــای قەزاوەتی قوتابی بباتە ســـەر کـــە لەکاتی هەڵســـەنگاندن و قســـەکردن لەســـەر کەســـانی دیکەدا، بە شێوەیەکی بەرپرسانە و بە ئینسافەوە نەزەر بدا. لەوەش زیاتر قوتابی دەبێت فێر بکرێ لە هەموو مەوقعیەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی رۆژانـــەدا و لـــە هاوکاری و لـــە پەیوەندی دەگەڵ کەســـانی دیکەدا بە شـــێوەیەکی بەرپرسانە بجووڵێتەوە .

ئەو نۆرم و نرخ و پرەنســـیپانەی بەسەر قوتابخانـــە و ژینگـــەی فێربوونـــدا زاڵـــن، شوێنەواری کاریگەریان لەسەر پەرەسەندنی کەســـایەتیی کۆمەڵایەتیـــی قوتابی هەیە. هاورێیەتـــی هەر لەوکاتـــەدا کە هۆگری و ئەمنییەت و ئاسایشـــمان پێ دەبەخشـــێ، تا رادەیەکـــی زۆر بەهێزیشـــمان دەکات. وەختێـــک دەبینین کە بە رێزەوە لە لایەن مامۆســـتا و هـــاورێ و هاوپۆلەکانمانـــەوە وەردەگیرێـــن و جێگای بـــروا و متمانەی ئەوانین، بۆخۆشـــمان تێدەکۆشـــێن رێز لە خۆمـــان و لە دەوروبەر و هاوالانمان بگرین و رێز و حورمەت لە کەســـانی دیکە بنێین. قوتابییـــان دەبێ فێربکرێـــن و لەوە حاڵی بن کە ئێمـــە ئینســـانەکان دەگەڵ یەکتر جیاوازین و هەرکاممان شـــوێن و جێگای تایبـــەت بەخۆمانمـــان لە نێو پـــۆل و لە قوتابخانە و ســـەرەنجام لـــە کۆمەڵدا هەیە. هەر قوتابییەک مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بـــە کۆڵیەوەیەتی و خاوەنی هیوا و هومێد و خەونی تایبەت بە خۆشـــیەتی. کاتێک منـــداڵان و لاوان لـــە قوتابخانەدا رێزیـــان لێ دەگیـــرێ و بـــە حورمەتەوە وەردەگیرێـــن و دەخوێنرێنەوە، هەســـتی هاوپەیوەندی و هاوچارەنوسیشیان دەگەڵ هاواڵ و هاورێکانیان تێدا دروست دەبێ.

کاتێک قوتابخانە مەیـــدان و دەرفەتی هەمەچەشن بۆ فێربوونی قوتابی پێکدێنی، قوتابی بە کردەوە زۆر ئەزموون وەدەســـت دەخـــا کە لە ژیانی راســـتەقینەی رۆژانەی مرۆڤ لەدەرەی قوتابخانە، نزیکن. بەو جۆرە لاوان و مێرمنـــداڵان پوختـــە دەبن. ئەگەر گەرەک وکۆمەڵگای دەوروبەری بتوانن کە ئەوانیش بە شێوەیەکی پۆزەتیف و بەرپرسانە کۆمەک بە چوونەپێشی پرۆسەی پەروەردە و فێربـــوون بکەن و لەو بـــارەوە هاوکاری قوتابخانـــە بن، ئـــەوە دەرفەتی باشـــتر بۆ گەشەی قوتابخانە و قوتابییان پێکدێ . هەر بەوجۆرە دۆزینەوەی فۆرم و مەیدانی دیکە بۆهـــاوکاری و کاری هاوبەش و لێکۆڵینەوە و فێربوون، لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی میللی و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیشدا، دەرگای فێربـــوون و گەشەســـەندنی زۆرتربە رووی قوتابییانـــدا دەکاتـــەوە. قوتابی بە هاوکاری و بە تێکـــەڵاوی و پەیوەندی گرتن دەگەڵ خەڵکانی دیکە لە ناوچـــە جۆراوجۆرەکانی دونیا، بێ وەبەرچاوگرتنی سنووره سیاسی و فەرهەنگی و زمانییەکان، روانگەی خۆی بەرین دەکاتەوە و ناسنامەو شوناسی تایبەت بەخۆی پەیدادەکات.

## خویندن و فێربوونـــی گونجاو دەگەڵ توانا و ئاستی قوتابییان

قوتابخانـــە لەســـەریەتی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوون و گەشـــەکردنی هەمووڵایەنەی قوتابی پێک بێنی. ژینگەیەک کە قوتابی بۆ فێربوون و خوێندن تەشویق بکا و هانی بدا بۆخۆی بە دوای فێربووندا بگەرێ.

ئەرکی ســـەرەکیی قوتابخانە ئەوەیە کە فێربوون و گەشـــەی قوتابی دەستەبەربکا.

هەرقوتابییەک کە ڕووەدەکاتە قوتابخانە، هەندێک زانیاری و ئەزموون و ڕەفتار و توانا و پێداویستیی تایبەت بە خۆی هەن کە لەگەڵ خۆیدا بۆ قوتابخانەیان دێنێ. بۆیە قوتابخانە دەبێ، بێ لەبەرچاوگرتنی توانا و تایبەتمەندییە تایبەتییەکانی هەر قوتابییەک، دەرفەت و شانسی وەک یەک بۆ فێربوون و گەشەی هەموو قوتابییان پێک بێنێ. بەڕێوەبەری و مودیرییەتی سەرکەوتووانەی پۆل و گرووپ، پێویستی بەوەیە کە مامۆستا وەزعی تایبەتی و پێداویستییە تایبەتییەکانی هەر قوتابییەک ببینێ و بتوانێ پەیوەندی دەگەڵ ئەوان چ تاک تاک و چ بە کۆمەڵ دامەزرێنێ و خۆی بە زانستە جۆراوجۆرەکانی پێداگۆگی(پەروەردەیی) چەکدار بکا. بۆ ئەوەی قوتابی حەز و ئەوینی بۆ خوێندن تێدا پێک بێ، پێویستە قوتابخانە ژینگەیەکی ئەوتۆی فێربوونی بۆ دروست بکات کە لەوێدا بتونێ چالاکیی جۆراوجۆر لە خۆی نیشان بدا و ئەزموونی زۆر وەدەست بێنێ. دیارە دەبێ هەمووی ئەوە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردندا بێ. قوتابی دەبێ شانسی ئەوەی هەبێ لە مادده زانستییە جۆراوجۆرەکاندا قووڵ بێتەوە. بەڵام قوتابخانە پێویستە ئەوە بزانێ کە هەر قوتابییەک بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە پرۆگرامی خوێندندا دیاری کراون، پێویستی بە کات و میتۆدی تایبەت بە خۆی هەیە. هەموو قوتابییان وەک یەک و بە خێراییەکی وەک یەک فێرنابن. هەرکەس دەبێ دەرفەتی خۆی بدرێتێ و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی بۆ فێربون بۆ برەخسێ. بەوە دەڵێن خوێندن و فێربوونی گونجاو. بەو جۆرە قوتابی لە پرۆسەی فێربووندا هەست بەوە دەکا کە ئەویش دەڕواتە پێش و فێر دەبێ، ئەوەش هەستێکی پۆزەتیفی تێدا پێک دێنێ و مۆتیڤاشۆنی زۆرتری بۆ فێربوون دەداتێ. لەو پرۆسەیەدا هەڵەکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەبێ وەک سەرچاوەی فێربوون بە حیساب بێن. بۆیە قوتابی دەبێ تەشویق بکرێ کە هەوڵ بدا ئەرک و وەزیفەکانی قوتابخانەی جێبەجێ بکا، بێ ئەوەی لەوە بترسێ کە ڕەنگە هەڵە بکات. ئەوە ئەرکی قوتابخانەیە کە دەرفەتی لەوچەشنەی بۆ بخولقێنێ، تا لە تاقیکردنەوە سەخت و دژوارەکان نەسڵەمێتەوە.

مەبەست لە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قوتابی نابێ هەرئەوە بێ کە بزانین قوتابی چ دەزانێ و چ نازانێ. بەمەبەستی سەرەکی لەو کارە دەبێ ئەوە بێت کە مۆتیڤاشۆن لای قوتابی دروست کا و بۆ پەرەسەندن و خوێندن و خوێندنەوەی زۆرتر هانی بدات. نەخشەکێشانەوە لە قوتابی و لێوەشاوەییەکانی، لە هەگبە زانستی و ئەزموونە کۆمەڵایەتی و توانا زمانەوانییەکانی، لە شارەزاییە تیئوری و پراکتیکییەکانی، لەو ئامراز و میتۆدانەن کە قوتابخانە بەکاریان دێنێ بۆ تۆمارکردنی زانیاری لەسەر قوتابی و بۆ ناسینی قوتابی و بۆ دارشتنی بەرنامەی تایبەت بە هەر تاکێکی قوتابی، بۆ خوێندن و فێربوون. ئەوە پایەیەکی گەورەی پراکسیسی قوتابخانەیە. بەڵام نەخشەکێشانەوەیەکی لەو چەشنە لە قوتابی، ئەگەر لە کردەوەدا، قوتابخانە بۆ خزمەت بە فێربوون و پێشکەوتنی قوتابییەکە بەکاری نەهێنێ و لەبەر ڕووناکایی ئەودا هەناگاوی پێویست هەڵنەگرێ، بایەخێکی ئەوتۆی پەروەردەیی نابێت. مامۆستا دەبێ وریا بێ و بزانێ کە هەندیک تاقی کردنەوەی ناپێویست و نابەجێ، وێنەیەکی لاواز و مەنفی لە قوتابی نیشان دەدەن و لە ئاکام دا زیان بە ڕۆحیەی قوتابی دەگەیەنن و ئاکامی زۆر خراپیان لەسەر ژینگەی فێربوون دەبێ

وعەلاقەی قوتابی بـــۆ خوێندن و فێربوون ســـارد دەکەنەوە. بەو جۆرە بە پێچەوانەی مەبەستە پێداگۆگییەکان لە تاقی کردنەوە کە بریتیە لە بردنەپێشـــی قوتابی، ئاکامی خراپ بەدەستەوە دەدەن.

مەبەست لە خوێندنی گونجاو ئەوەیە کە قوتابخانە بە جۆرێک هەلومەرجی خوێندن و فێربوون بـــۆ قوتابییان بخولقێنێ، کە هەموو قوتابییەک بە گوێرەی توانا و زەرفیەتەکانی خۆی لـــە پرۆگرامە گشـــتییەکانی خوێندن و فێربوون، بەهرەی پێویســـت وەربگرێ. بۆ مەبەســـتێکی لەو چەشنە، قوتابخانە دەتوانێ لە ئامـــراز و میتۆدی جۆراوجۆری پێداگۆگی و پەروەردەیـــی کەڵـــک وەگـــرێ. وەک دابەشکردنی سەرمایە مادی و ئینسانییەکان، دەکارکردنی میتـــۆدی جۆراوجۆری دەرس گوتنەوە، نەخشەکێشـــانەوە لە قوتابییەکان، دابەشـــکردنی قوتابییەکان بەســـەر گرووپی بچکۆلەتـــردا، بـــە کارهێنانـــی مامۆســـتا و پســـپۆرانی تایبەتی، زیاد کردنـــی ژمارەی مامۆســـتاکان، بەکارهینانی تێکنۆلۆژییەکانی دەرس گوتنـــەوە، بەکارهێنانی تێکســـت و کتێبە دەرسییە جۆراوجۆرەکان، دەسکاری لە خشتەی هەفتانەی دەرسەکان و بەکارهێنانی شێوە و میتۆدی جۆراوجۆر بۆ ئیمتیحان لێ وەرگرتن و هەلسەنگاندنی قوتابییان.

هەلســـەنگاندنی قوتابی، لە پرۆســـەی خوێنـــدن و فێربووندا، بەو مەرجەی قوتابی چالاکانە بەشـــدار بێ و گوێـــی لێ بگیرێ و بزانـــێ کە چ چاوەڕوانییەکی لێ دەکرێ، مەرجی سەرەکیی ســـەرکەوتنی خوێندنی گونجاوە. ئەوەش ئـــەو کاتە ئیمکانی هەیە کە قوتابخانە لەپێشـــدا هەمـــوو دەرفەت و میتۆدێکی پێویســـتی بـــۆ فێربوونی قوتابی بەکارهێنابێ و لـــەوە دڵنیا بێت کە قوتابی دەتوانێ بە گوێرەی پێویســـت، وڵام داتەوە و لە ئاســـتی چاوەڕوانییەکاندا بێ. مامۆستا دەبێ لە کاتی دەرس وتنەوەدا پشـــتیوانی لە قوتابی بکات کە بـــە گوێرەی تواناکانی ئامانج و قۆناخـــی جۆراوجۆر بۆ فێربوون و چونەپێشـــی خۆی دیاری بکات و مەیدانی بداتێ بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکانی هەوڵ بدا. قوتابخانە دەبێ بەجۆرێک بەرنامەڕێژی بـــکات کە قوتابی، لە نێـــوان هەموو ماددە دەرســـییەکاندا هاوســـەنگی پێک بێنی و هەســـت بە فێربوون و پێشـــکەوتنی خۆی لە هەموو دەرســـەکاندا بکا. مەبەســـت لەو کارە ئەوەیە کە قوتابـــی بزانێ کە دەتوانێ بڕواتـــە پێش و سیســـتەمی پـــەروەردە و فێرکردن لە ئامێزی گرتووە و دەگەڵ خۆی دەیباتە پێشێ. دروستکردنی هەستێکی لەو چەشـــنە لە قوتابیدا بە کلیلی سەرکەتن و چوونەپێش دادەنرێ.

خوێندنـــی گونجاو هەمـــوو قوتابییان دەگرێتـــەوە. قوتابخانـــە لـــە ڕێـــگای بەکارهێنانی میتۆد و شێوازی جۆراوجۆری دەرس گوتنەوە، لە ڕێگای دابەشـــکردنی قوتابییان بەســـەر دەستەو تاقم و گرووپی فرەچەشندا بۆ ئاسان کردن و بردنەسەری ئاســـتی فێربوون، لە ڕێـــگای دەکارکردنی تێکنۆلۆژیـــی مۆدێـــڕن و پێویســـت، لـــە ڕێگای بە ڕەســـمی ناســـینی شـــوناس و کولتور و ناســـنامەی فەرهەنگی و ڕێزنان لە پێشـــینەی بنەماڵەییی قوتابی، دەتوانێ ئـــەو میتـــۆدە پێداگۆگییـــە بەکاربێنـــێ. ئەگەر قوتابییەک، پاش هەڵســـەنگاندن لە لایـــەن دەزگا پســـپۆڕەکانەوە، دەربکەوێ کە پێداویســـتیی تایبەتی هەیە و ناتوانێ لـــە پرۆگرامـــە ئاســـاییەکانی خوێنـــدن کەڵک وەرگـــرێ، قوتابخانە دەبێ میتۆد و ئیمکاناتی تایبەت بـــە خۆی بۆ دابین بکا و خوێندنی تایبەتی بۆ دەســـتەبەر بکا. لە حاڵەتی ئاوادا، قوتابخانە دەتوانێ سەرەڕای ئیمکاناتی خـــۆی، لە ئیمکاناتی دامودەزگا جۆراوجـــۆرە کانی دیکەش بۆ یارمەتیدانی ئەو چەشنە قوتابییانە کەڵک وەرگرێ.

## هاوکاریی بـــەردەوام دەگەڵ ماڵەوە و دایک و باوکی قوتابی

ئەگەر هاوکاری و کۆمیونیکاســیۆنی گەرم و پێویســـت لە نێـــوان مـــاڵ و قوتابخانەدا لەگۆڕێدا بێ، ژینگەی خوێندن باشتر دەبێ و هەلومەرجی گەشـــە و فێربوونی باشـــتر بـــۆ قوتابییان دەخوڵقـــێ. دەبێ بگوترێ کە دایک و باوک بەرپرســـایەتیی ســـەرەکییان لـــە پەروەردەکردنی منداڵـــدا هەیە. ئەوان نزیکترین کەســـی قوتابیـــن و زانیارییەکی زۆریـــان ســـەبارەت بـــە قوتابـــی هەیە کە قوتابخانـــە دەتوانێ لە ڕەوتی پـــەروەردە و فێرکردندا، بـــە قازانجی قوتابـــی بەکاریان بێنی. دەبێ بگوترێ کە ئەوە بەرپرسایەتیی قوتابخانەیە کە تێبکۆشێ پەیوەندی دەگەڵ دایـــک وباوکـــی قوتابی بگـــرێ و دەرگای هاوکاری دەگەڵ ئەوان بخاتە سەرپشـــت و هەلومەجێـــک پێکبێنێ کە ئـــەو هاوکارییە بەردەوام بـــێ. لەو پەیوەندییـــەدا قوتابخانە پێویســـتە تێبکۆشـــێ کە زانیاریی پێویست ســـەبارەت بە قوتابخانە و چۆنیەتیی وەزعی قوتابییەکە، بگەیەنێتە دایک و باوکی منداڵ. ئـــەوەش دەرفەتی ئەوە بـــۆ دایک و باوکی قوتابی دروســـت دەکا تا بتوانن لە کاروباری قوتابخانە و خوێندن و فێربوون و پەروردەی منداڵەکەیاندا بەشداری بکەن.

هەڵسوکەوتی دایک و باوک و چۆنیەتیی پەیوەندیـــی ئـــەوان دەگـــەڵ قوتابخانـــە، شـــوێنەوارێکی پۆزەتیف و گرینگی لەســـەر ڕادەی فێربوون و چوونە پێشی قوتابی و عیشق وعەلاقەی ئەو بە قوتابخانە و مامۆستاکانیەوە هەیـــە. دیارە چاوەڕوانیـــی دایک و باوک لە قوتابخانـــە و ڕادەی پێویســـتیی ئـــەوان بۆ هاوکاری، لـــە بنەماڵەیەکەوە بـــۆ یەکێکی تـــر جیاوازە. بـــەڵام قوتابخانە لەســـەریەتی ئامادەییی ئەوەی تێدا بێ، دەگەڵ هەمووان و هەریەکـــە بـــە ئەنـــدازەی چاوەڕوانـــی و پێداویســـتییەکانیان، هاوکارییـــان بـــکا. لە کردەوەدا زۆرجار ئەوە سەخت دێتە بەرچاو، بەڵام لە باری پێداگۆگییەوە زۆر پێویســـتە. شایانی باسە قوتابخانە لەسەریەتی بە ڕێز و حورمەتەوە هاوکاریی دایک و باوکەکان بکاو پێشـــینەی کولتوری و کۆمەڵایەتیی ئەوان، نابێ شوێنەواری لەسەر ئەو هاوکارییە هەبێ. ســـەرەنجام قوتابخانە زۆر بـــە ڕوونی دەبێ دایـــک و باوکـــی قوتابی لـــەوە حاڵی بکات کە قوتابخانـــە چ چاوەڕوانییەکی لە دایک و باوکی قوتابییەکە هەیە و لەولاشەوە ئەوەش دەبێ ڕوون کاتەوە کە قوتابخانەش دەتوانێ چ بکات.

## پەروەردە و فێربوون لە کارگە و کارخانە و بنکە سەنعەتی و پیشەسازییەکاندا

پەروەردە و بارهێنانی قوتابییان، لە نێو کارگە و کارخانە و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی دیکەی بەرهەم هێناندا، بەشێکی گرینگی سێستەمی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان دەبێ. لەو ڕێگایەوە قوتابییـــان و فێرخوازان، بۆ کار و بەرپرسایەتی قەبووڵ کردن، لە نێو کۆمەڵ و لـــە بازاڕی کاردا ئامادە دەکرێن. پەروەردەی پیشەیی، مەیدانێکە بۆ تەربیەتی تێکنێسیەن و کادرە فەننییـــە جۆراوجۆرەکان کە بازاڕی کار پێویســـتی پێیانە. زۆرگرینگە قوتابخانە پیشـــەییەکان تێبکۆشن، خوێندکارانی ئەو بوارانە، وەک کەســـانی خەللاق و شـــارەزا و لێوەشـــاوە و بەرپـــرس و کارزان، بێنە نێو ژیان و بـــازارەوە. لە ڕێگای پراکســـیس لە کارگـــە و کارخانەکانـــدا، قوتابی ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەنرخ وەدەست دێنێ کە دواتر لە بازاڕی کاردا کەڵکی لێ وەردەگرێ. بۆیە لەگۆڕێدابوونی هـــاوکاری و پەیوەندییەکی زینـــدوو لە نێـــوان قوتابخانە و بـــازاڕی کار و کارخانەکانـــدا، مەرجێکی ســـەرەکییە بۆ ئەوەی سیســـتەمی پـــەروەردە و فێرکردنی ئێمـــە لەوبـــوارەدا بتوانێ بـــە ئامانجەکانی بـــگات. پەروەردەکردنی ژمارەیەکی هەرچی

زۆرتر لەو جۆرە کادرە فەننی و تێکنیکییانە، شەرتێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەی ئابووری و پێشەسازی لە کوردستاندا.

## مامۆستا و پسپۆڕەکانی دیکەی بواری پەروەردە و فێرکردن

قوتابخانە وەک ئەنستیتۆیەکی گرینگی ناو کۆمەڵگا، ئەرکی سەر شانیەتی پەیڕەوی لەو بایەخ و پرەنسیپە بنەڕەتییانە بکات کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کوردستانیان لەسەر دامەزراوە. بۆیە مامۆستایان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و بەرپرسانی دیکەی پەروەردە، هەموو وەک یەک بەرپرسیارن کە ئەو نۆرم و یاسا و ڕێسایانە بەڕیوەبەرن و لە کردەوەدا پیادەیان بکەن. هاوکاری و پەیوەندیی زیندووی نێوان قوتابخانە وماڵەوە، نێوان قۆناخە جیاجیاکانی خوێندن، مەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنە. لەو نێوەدا مامۆستا ڕۆڵی سەرکی دەگێڕی. ئەو دەبێ لە هەموو پرۆسەکەدا یارمەتیدەر، پشتیوان و ڕێ نیشاندەرێکی ئەمینی قوتابی بێ. مامۆستا دەبێ قوتابیی خۆی خۆش بوێ، بیناسێ و پەیوەندییەکی گەرمی دەگەڵ هەبێ. ئەوە بۆ ئەو قوتابییەش هەر ڕاستە کە گیروگرفتی هەیە، لە دەرس ودەورەکانیدا لە دوایە، وەک پێویست گوێ لە مامۆستا ناگرێ، لە نێو پۆلدا نەیتوانیوە جێی خۆی بکاتەوە. بەڕیوەبەر و مامۆستا دەبێ بزانن کە لە ڕاستیدا قوتابییەک کە لە حاڵەتێکی ئاوادایە، پێویستیی زۆرتری بە پشتیوانی و هاوکاری و ڕێ نیشاندان هەیە تا یەکێک کە دەتوانێ ئەرکەکانی قوتابخانە جێبەجێ بکات. ئەگەر مامۆستا تێبکۆشێ لە نێوان خۆی و قوتابییەکاندا، لە نێوان قوتابییەکاندا دەگەڵ یەکتر، پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو دروست بکات، ئەوە توانیویەتی فەزایەک و کولتورێکی لەباریش بۆ فێربوون و گەشەکردنی قوتابی پێک بێنێ و هانی قوتابی بدا تا هەستی هاوپەیوەندی دەگەڵ هاوپۆلەکانی تێیدا دروست بێ. بەو جۆرە ئاستی زانستیی قوتابیش دەچێتە سەرتر. چونکە قوتابی ئەوکاتە باش فێردەبێ کە هەست بە ئەمنییەت و ئاسایش بکات.

مامۆستایان و پسپۆڕانی دیکەی پەروەردە و فێرکردن، لە کاتی کار و هاوکاری دەگەڵ یەکتر، زانیاری و شارەزاییی خۆیان سەبارەت بە بابەتە پەروەردەییەکانی وەک پێداگۆگی، دیداکتیک(زانستی وانە گوتنەوە) و هتد دەبەنەسەر. قوتابخانە بەگشتی و تیمی مامۆستایان بەتایبەتی، پێویستە تیمێکی پرۆفیشناڵ بن کە پێکەوە بتوانن ئەرکەکانی پەرورده و خوێندن و فێربوون لە قوتابخانەدا ڕاپەڕێنن. ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە مامۆستا، بەردەوام خۆی و زانیارییەکانی بەڕۆژ بکاتەوە، کۆرسی جۆراو ببینێ، سەرلەنوێ بچێتەوە زانکۆ و دەرسی تازە بخوێنێ.

مەسەلە پەروەردەیی و پێداگۆگییەکان، هەمیشە یەک وڵامیان نییە. بۆیە زۆر گرینگە مامۆستایان مەیدانیان پێ بدرێ زانست و زانیاری و ئەزموونەکانی خۆیان تاقی کەنەوە. مامۆستا بەردەوام دەبێ بیرلەوە بکاتەوە کە خوێندن و فێربوون چۆن دەچێتە پێش و چی دەبێ بکرێ تا دەرفەتی فێربوون و گەشە بۆ قوتابی پێک بێ. کاتێک مامۆستایان پێکەوە نەخشەو پلان بۆ بردنەپێشی پەروەردە و فێرکردن دادەڕێژن و پێکەوە لەسەر مەسەلە و گیروگرفتە جۆراوجۆرەکان باس و موناقەشە دەکەن، مۆدێلێکی باش و سەرکەوتوو لە کاری پەروەردەیی، بەدەستەوە دەدەن.

دەبێ بگوترێ کە کاری پرۆفیشناڵ لە بواری خوێندن و فێربووندا، پێویستی بە بەڕیوەبەری و مودیرییەتێکی باش و بە هێز و کارا هەیە. مودیرییەتی سەرکەوتوو لەو بوارەدا ئەوەیە کە بایەخی سەرەکی

بە دروستکردنی پەیوەندیی باش لە نێوان مامۆستایاندا لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بەڕێوەبەر و لەگەڵ قوتابییان بدرێ و فەزایەکی پڕ لە بڕوا و متمانە لە قوتابخانەدا پێک بێ. بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە پێش هەرچییەک دەبێ تێبکۆشێ کە هەلومەرجی لەبار بۆ گەشە و پەرەسەندنی مامۆستایان و قوتابییان پێک بێنێ. بەڕێوەبەر دەبێ مەیدانی ئەوە بۆ مامۆستایان پێک بێنێ تا بتوان پێکەوە پراکسیسێکی باشی پێداگۆگی و پەروەردەیی لەخۆ نیشان بدەن و هەر مامۆستایەش لەو پرۆسەیەدا، دەنگ و ڕەنگی تایبەت بە خۆی هەبێت. ئەوە ئەرکی بەڕێوەبەرە کە ڕێگا بدا هەموو مامۆستایان، لایەنە بەهێزەکانی خۆیان نیشان بدەن و لەو ڕێگایەوە یارمەتی بە پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن بکەن.

پراکسیسێکی باش لە بواری کاری پەروەردەدا ئەوەیە کە مەیدانمان هەبێ پرسیار بێنینە گۆڕێ و بۆ وەڵامدانەوەی دەگەڵ یەک باس و گفتوگۆی زانستی و پێداگۆگی بکەین. هەموو کارمەندانی قوتابخانە دەبێ لەو پەیوەندییەدا بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ و یارمەتی بەوە بکەن کە ئاستی پسپۆڕی و پرفیسیۆناڵیی قوتابخانە بە گشتی بچێتە سەر. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بەردەوام بایەخ و نۆرم و ستانداردە پەروەردەییەکان باس و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمناری پەروەردەیی پێک بێ، کاری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە و پێداگۆگی و دیداکتیکدا لە قوتابخانەدا ئەنجام بدرێ. ئەگەر قوتابخانە بۆ هەموو ئەو کارانەی چوارچێوەیەکی بەهێزی هەبێ و لەو چوارچێوەیەدا هەڵسووڕێ کە بەرنامە پەروەردەییەکان لێمان دەخوازن، بێگومان لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو دەبێت. پشتیوانی لە فێربوون و هاندانی قوتابی بۆ فێربوون، سیمای هەرە سەرەکیی قوتابخانەیەکە کە کولتوری پەروەردەییی بە هێزی هەیە.

کاتێک قوتابخانە و قوتابی و مامۆستا و قوتابی، ڕۆژانە لە کاتی خوێندن و فێربووندا پێک دەگەن و دەگەڵ یەک قاڵ دەبنەوە، دەرفەت بۆ ئەوە پێک دێ کە قوتابخانە باشترین پراکسیس لە خۆی نیشان بدا. لێرەدایە کە مامۆستایان، شارەزایی و لێوەشاوەییەکانیان بۆ فێرکردنی قوتابییەکان دەکاردەکەن و تێدەکۆشن گیان وەبەر ئەو بایەخ و نرخە جۆراوجۆرانە بێنن کە قوتابخانە خستونیەتە سەرشانی خۆی. لێرەدایە کە مۆماستا دەبێ تێبکۆشێ لە لایەک هەموو قوتابییەکان وەک پۆل و گرووپ پێکەوە ببینێ و هەرلەو کاتەشدا هیچکام لە قوتابییەکانیشی لە چاوان ون نەبێ. لێرەدایە کە مامۆستا دەبێ هەرلەوکاتەدا کە ئەرک و وەزیفە دەخاتە سەرشانی قوتابی و لێی حاڵی دەکا کە چاوڕوانیی لێیەتی، قوتابیش لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە لە پشتیەتی، ئەگەر پێویست بێ یارمەتیی دەدا و ڕێگای نیشان دەدا. لێرەدایە کە مامۆستا نیشان دەدا کە قوتابییەکان جیاوازن و هەر ئاواش تەماشا دەکرێن. ئەو بابەتانە هەموو ڕۆژێ لە نوێ دیسان وەرد دەدرێنەوە.

## سەرچاوەکان:


https://www. utdanningsnytt. no/kunnskapsloftet-laereplaner/laereplanverket-for-kunnskapsloftet-lk06-2006/152447

Læreplanverket for Kunnskapsløftet 2020

Per Arneberg og Bjørn Overland, Pedagogikk, 2003

Guttorm Fløistad, Om å kunne mer enn man kan, 1996

John Hattie, Synlig læring, 2013

Dag Einar Thorsen, Demokrati, 2015

Gordon Dryden og Jeanette Vos, Læringsrevolusjon

Stephen Dobson, Astrid B. Eggen, Kari Smith, Vurdering, prinsipper og praksis